



# خالید جووتیار میتۆلۆژیایە

**١٩٥٣/٧/١ – ٢٠٠٩/١٢/٢٤**

**ئامادەکردنی:**
**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**
**مەسعودی مەلا هەمزە**



# وتەیەکی پێویست

پاشکۆی گۆڤاری میتۆلۆژیا بەنێوی (خالید جووتیار میتۆلۆژیایە)، کە لە ژمارە (١٣٢)ی هەفتەنامەی بەدرخان ڕێکەوتی ٢٠١٠/١/٨ بە هەشت لاپەڕەی قەبارە ٤٢×٢٩,٧ بڵاوکرایەوە، پاش تێبینی و ئەو هەڵانەی هەبوو، چاککرایەوەو پرس و را بە زۆر نووسەرو هەموو ئەوانەی کە لە نزیکەوە ڕەوانشاد خالد جووتیاریان دەناسی، هەندێکیان بەباشیان دەزانی گۆڤاری میتۆلۆژیا بەجیا چاپ ببێ و هەندێکی دیکەش دەیانخواست بەیەکەوە چاپ ببێت، چونکە مەبەست لە چاپکردنی گۆڤارەکەو پاشکۆکە ئەوەیە، کە ژیاننامەکەی لەگەڵ گۆڤارەکە بخوێنرێتەوە، بۆیە رای دووەم پەسەند کراو بەیەکەوە لەدووتوێی ئەو گۆڤارەی لەبەر دەستانە چاپ و بڵاوکرایەوە، ئامانجیش لەچاپکردنی ژمارە (١)و کۆتایی گۆڤاری میتۆلۆژیا شادکردنی رۆحی زیندووی خالید جووتیارە، کە ئەو شارەزاییەکی بێ ئەندازەی لە ئەفسانەناسی و فۆلکلۆرو حەیران و بواری رووناکبیری هەبوو. بۆیە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان دڵگرانە بەلەدەستدانی ئەندامێکی کارای ئەنجوومەنی دەزگای بەدرخان "راوێژکاری کلتووری" کە هەردەم جێگای لەنێوانماندا پڕ نابێتەوە.

لە جێگای خۆیەتی دەزگای بەدرخان شانازی بەوەوە بکات کە هەردەم وەکو ئەمەک و وەفایەک بەرامبەر بە نووسەران و رووناکبیران کتێبی بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٩ توانیویەتی سێ کتێب لەسەر (د. ئەورەحمانی حاجی مارف و سەلاح سەعدوڵڵاو د. ئیحسان فوئاد) چاپ و بڵاوبکاتەوە. بۆیە ناخوازین مەرگی ئازیزانمان ئاوا ببینین، بەڵام هەرچیش لەتوانامانداندا بێت درێغی ناکەین.

لە کۆتاییدا سوپاسی بێپایانمان بۆ بەڕێز "کۆسرەت رەسول عەلی" جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەیە، کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم گۆڤارەی گرتەئەستۆ.

سوپاسی یەکە بەیەکەی ئەو نووسەرانەش دەکەین، کە بەتەنگ ئەوەوە هاتن هەریەکەو بە نووسینێک بەشدارییان لە رەوینەوەی خەمی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو کرد.

دووبارە سوپاسی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دەکەین، کە ئەرشیف و نووسین و هەموو وێنەو دیکۆمێنتەکانیان خستە بەردەستمان بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێ.

**حەمید ئەبوبەکر بەدرخان**
**بەرپرسی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان**
**٢٠١٠/١٠/٢٣**







دوابەدوای ئەوەی نووسەر و رووناکبیر و فۆلکلۆریست و شاعیر و رۆژنامەنووس و پێشمەرگەی رۆژانی سەختی سالآنی هەشتاکان خالید مەولود ئەحمەد ناسراو بە "خالید جووتیار" بە کەسەرێکی گەورەوە لە شەوی ٢٠٠٩/١٢/٢٤ بە نەخۆشییەکی کتوپڕ کاتژمێر "١٠،٣٠"ی شەو لە گەڕەکی بەختیاری شاری هەولێر لەنێو بنەماڵەکەیدا چووە ئەو دنیایەی کە هەتا هەتایێ نایبینینەوە، لەو ژیاننامە تێروتەسەلە ئەفسانەییەدا بە پێویستی دەزانین ژینی لە ١٩٥٣/٧/١ تا کاتژمێر "٨"ی شەوی ٢٠٠٩/١٢/٢٤ بۆ بنەماڵەو دۆست و نووسەران و هەموو ئەوانەی رۆژێک لە رۆژان هاوەڵ و هاوکاری بوونە بخەینەڕوو...



# مەرگ، لەکاتی نوێژی کارکردندا



**مەولوود ئیبراهیم حەسەن**

پاڵەوانەکان حەزدەکەن لە مەیدانی جەنگ و لە ئازاییەتیدا بمرن! ئیماندارەکان لە خودای خۆیان دەپاڕێنەوە، تا لەکاتی خودا پەرستیدا بمرن! دڵدارەکان پێیان خۆشە لە جێی ژوانی عەشقدا بمرن! ئەوانەش کە کاردەکەن و کارەکەی خۆیان خۆشدەوێ و چاکی لێدەزانن، رقیان لە بێکاری دەبێتەوەو هەمیشە خەون بەوەوە دەبینن، کە لە مەیدانی کارکردندا بمرن! بەڵێ مامۆستا "خالید جووتیار"یش چارەنووسی ئەوەبوو، کە دەستی لە نێو کاردابێ و کۆچ بکات. کۆچ بۆ ئەو شوێنەی کە دواجار درەنگ و زوو ئێمەش بخوازین و نەخوازین کۆچی بۆ دەکەین. کورد لە مێژە گووتوویەتی: "هەتا مردنێ کردنە!" جووتیاریش چونکە پەروەردەی نێو ئەم کلتوورەیەو لە نێو پەندو ئەفسانەی کوردیدا دەژیاو دواجاریش بوو بە پسپۆڕی ئەم بوارە، بەکردەوەو بە باوەڕ راستی ئەم گۆتە گرنگ مەزنەی سەلماندو ئەوا دەستیشی لەنێو کاری "ئەفسانەیی" دابوو.

کاری ئامادەکردنی گۆڤاری "میتۆلۆژیا" کاری ئەفسانەناسیی چ خۆش بوو! ئەو ئێوارەیەی کە تەلەفۆنی بۆکردم و هەواڵی "مۆڵەت" وەرگرتنی گۆڤاری "میتۆلۆژیا"ی پێدام و داوای بابەتی لێکردم. دوای پیرۆزباییەکی گەرم و لە دڵەوە، هەموو ئامادەییەکی خۆم بۆ دەربڕی. گووتی: چەند برادەرێکم وەک راوێژکار داناوە، تۆش یەکێکی لەوان. گووتم: لە دەرەوەی هەموو رەسمیاتێک: ئامادەی هەموو هاوکارییەکم. گووتی: رۆژێ دادەنیشین. گووتم: بەسەرچاو.

جووتیار بۆ چاپکردنی ژمارە یەکی





گۆڤارەکە زۆر بەپەلە بوو! بەداخەوە مەرگ لەو بەپەلەتربوو. هەر بۆیە ئەو دانیشتنەی بەتەمای بووین، مەرگ ریگای لێگرتین. بۆیە دەبێ ئەو راستییە بڵێم! کە ئێستا ژمارە "١"ی گۆڤاری "میتۆلۆژیا" پاش مەرگی ئەو پسپۆڕە لێهاتوو و سەرکەوتووەی نێو مەیدانی لێکۆڵینەوەی کلتووری رۆشنبیری کوردی، بەم شێوە جوان و دەوڵەمەندییە دەکەوێتە بازاڕ، هێندەی تر هەست بە گەورەیی ئەو کۆستە دەکەم، کەلێمان کەوت.

خالید بەو پێشینەیەی کە لە دنیای فۆلکلۆر بەگشتی و ئەفسانە بە تایبەتی هەیبوو، لەگەڵ ئەو ئامادەییەی کە بۆ ژمارە یەکی ئەم گۆڤارەی کردووە، بناغەی گۆڤارێکی سەرکەوتووی دارشتووە. ئەو راستییەی کە دەمەوێ بیلێم، ئەوەیە کە هەرچەندە رەحمەتی ناوی منیشی لەگەڵ ئەو راوێژکارە بەڕێزانە نووسیوە، ئاوا لە دلگەورەیی و نییەتچاکی خۆیەتی دەنا لەڕاستیدا و بەکردەوە من هیچ کارێکی راوێژکاری و هاوکارییەکی کرداریم نەکردووە! ئەوەی هەیە بەری رەنجی "مامۆستا خالید" خۆیەتی و هی ئەو بەڕێزانەیە، کە کارییان لەگەڵدا کردووە. هەتا بەهۆی پەلەکردنی رەحمەتی بەوە رانەگەیشتم بابەتێکی تازەو نوێ بۆ گۆڤارەکە بنووسم، هەر بە تەلەفۆن رێککەوتین، بابەتێک لە کتێبی "پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی" وەربگرێ.

دواجار پیرۆزباییش لە هەموو ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەکەم، کە بەلێکۆڵینەوەو وەرگێڕانی بابەتی شیاو گۆڤارەکەیان دەوڵەمەند کردووە.

جووتیار زۆری مەبەست بوو ئەم گۆڤارە بەچاپکراوی ببینێ، بەداخەوە کورد لە مێژە گووتوویەتی:"مرۆڤ، هەموو فەسڵان دەبینێ، هەموو مرادان نابینێ!!" رەحمەتی مرادی چاپکردنی ژمارە یەکی گۆڤاری "میتۆلۆژیا"ی نەبینی، چووە جێی هەق!! ئاخۆ ئێمەش چ مرادێک نابینین!! هێندە هەیە واچاکە ئاواتی ئەوە بخوازین! ئێمەش کە دەمرین، کە هەر دەمرین!! ئەوە جوانە دەستمان لە نێوکاردابێ.





# خالید جووتیار له چەند دێرێکدا

"خالید جووتیار"ی نووسـەر له سەرەتای سالی ١٩٧٢ـەوە دەستی داوەتە نووسین و تـا ئێسـتاش ١٣ کتێبـی چاپکـراوی هەیـەو گۆڤاری"لاوک"لەگـەڵ چەنـد نووسـەرێک دەریکـردووەو لەشـاری کۆیـەش، بڵاوکراوەیەکـی دەرکـردووە بەناوی"هاموون"کە خۆی سەرنووسـەری بووە، بۆماوەی"٨"سـاڵ بـەردەوام بووە. دەستەی دامەزرێنەری"یەکێتی نووسەرانی کورد"بووە لەشاخ سـاڵی ١٩٨٢، ئەندامی لقـی هەولێـری یەکێتـی نووسـەرانی کـورد و ئەندامـی کارای سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان بـووە، له هەمـووی گرنگتـر ئەوەیـە ماوەیەکی زۆربوو خوالێخۆشبوو خەریکی کارکردن بـوو له ئامادەکردنی گۆڤـاری "میتۆلۆژیا" کە گۆڤارێکی تایبەتە بە بواری ئەفسانە و میتۆلۆژیا، کە لەهەمان کاتدا خۆی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسـەری گۆڤارەکە بوو، بـەڵام مخابن ئەو گۆڤـارەی نەبینی و ئەو خەونـەی نەهاتـە دی، وەلێ ئێسـتا ئەوە ژمـارە (١)ی گۆڤـاری میتۆلۆژیایـە، بـە چەندیـن بابەتی دانسـقەی ئەفسـانەیی و قەڵەمی بەبڕشتی گەورە نووسەرانی کورد کە لەبەردەستتاندایە .

لێرەدا بەپێویسـتی دەزانین سـەربوردەی کۆچکردوو بخەینەڕوو:

لـە سـاڵی ١٩٥٣ له گونـدی کەنداڵە قەلی دەڤەری"کەندێناوە" لەدایکبووەو خوێندنی سـەرەتایی لـە گونـدی "لهێبان"ی سـەر بەشاری هەولێر تەواو دەکات.

خوێندنـی ناوەندی و ئامادەیشـی هەر له شاری هەولێر تەواو دەکات.

له سـاڵی ١٩٧٦ بەکالۆریۆسی له کۆلێژی ئـاداب له بەشـی زمانی کـوردی زانکۆی بەغدا وەردەگرێت.

لەسـاڵانی ١٩٨٢ دەبێتـە پێشـمەرگە لـە ریزەکانـی "ی.ن.ک" لـە شـاخیش وەکو نووسەر لە چەندین بڵاوکراوە بەرهەمەکانی بڵاوکردۆتەوە. وەکو: گۆڤاری نووسەری کوردستان و چەندین بڵاوکراوەی دیکە.





# خالید جووتیارو مامۆستا سەیفەدین

منداڵیم لەگەڵ خالید بەسەر بردو چەندین ڕۆژو شـەو لـە گونـدی کەندارەقـەڵ بە حوکمـی ئـەوەی خزمیـش بووین، زۆر زەحمەتـە بتوانم هەمـوو یادەوەرییەکان بگێڕمـەوە، لـە پـاش ئـەوەی خوێندنـی سەرەتایی تەواو بوو پاشان گواستیانەوە بۆ گوندێکی دیکە. هەمووکات لە پشووی خوێنـدن یـا ئـەو دەهاتەوە گونـد یا من دەچوومەوە شـار. بـە منداڵی ئـەو زۆر هێمن و لەسـەرخۆبوو، شـەڕاوی نەبوو. جەلالی براشی هەروا لەگەڵ مندا بوو. لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکان بەیەکەوە بووین. خالید جووتیار هەمیشە کوردایەتی دەخسـتە پێـش حزبایەتی، ئـەوەش پتر پەیوەنـدی بە مەسـەلەی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەکەیەوە هەبوو.

# خالید جووتیار و خوێندنەوە

خالید جووتیار لە ژیانیدا ئەوەندەی حەز لە خوێندنەوە دەکرد، بەراددەیەک کە بەشی زۆری ژیانی خۆی بۆ خوێندنەوە تەرخان کردبـوو، ئـەو کتێـب و نووسینانەشـی خالیـد جووتیـار دەیخوێندنـەوە لەوانـە نییە هەموومـان بتوانیـن بیخوێنینەوە و تێـی بگەیـن، لـەوەش گرنگتـر ئەوەبوو کە جووتیـاری کۆچکـردوو ڕای تایبەتی خۆی لەمەڕ نووسـینگەلێکی زۆر هەبوو، دەسـتپێکی خوێندنـەوەش لای جووتیار لە سـاڵی ١٩٧٢ دەسـتی پێکـرد و تادوا ڕۆژەکانی ژیانیشـی ئارەزوویکی یەکجار زۆری هەبوو بۆ خوێندنەوە.

# خالید جووتیار و خوێندن

خالیـد جووتیاری کۆچکـردوو لە تەمەنی شـەش سـاڵی چۆتـە بەرخوێنـدن و قۆناغـی سـەرەتایی لـە گونـدی لهێبانی سەر بە شـاری هەولێر تەواو کردووە و خوێندنی ناوەندیشـی لە شـاری هەولێر تەواوکـردووە، دواتر ئارەزووی خوێندن و گەیشـتن بـە ئاواتـەکان وایلێکـردووە قۆناغی ئامادەییش تەواو بکا و بۆ زیاتر خوێندنیـش ڕوو لەزانکـۆی بەغدا بکا، بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس. "بـۆ زانیـاری زیاتر لـەو قۆناغـە وتاری پیرداود مەخمووری بخوێنەرەوە"





# خالید جووتیار و نووسین




هەموومان دەزانین و گوتراویشە ئەوەی نەخوێنێتەوە ناتوانێ بنووسێ، ئەو لەساڵی ١٩٧٢ دەستی بە خوێندنەوە کردووە و دوای دوو ساڵ لە دەستکردن بە خوێندنەوە ساڵی ١٩٧٤ دەستی کرد بە نووسین و لەگۆڤاری بیری نوێ یەکەم بابەتی خۆی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها لە ژیانی خۆیدا چەندین کاری ناوازەی ئەنجامداوەو لە نووسینەکانیدا رەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی ئەو لە بواری ئەدەب و فۆلکلۆر و حەیران و لاوک و ئەفسانەدا دەستێکی باڵای هەبوو، تا لەژیاندا بوو ١٣ کتێبی چاپکراوی هەبوو، کە بریتین لە:

- بەرەو فۆلکلۆر، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، چاپخانەی حەوادپ، بەغداد ١٩٨٤.
-فۆلکلۆر، گۆڤار، سێ ژمارە، ١٩٨٣.
-پیاسەی ئێوارانی هەولێر، ١٩٩٨.
-داستانی قەڵای دمدم، ١٩٩٩.
- بڵێسەی راپەرین- ١٩٩٩.
-تارمایی ئەفسانەی کوردی، ٢٠٠١.
-سەمای ئەجندان، حەکایەت و لێکۆڵینەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران/ هەولێر، چاپخانەی سیما، سلێمانی ٢٠٠٦.
-دڵم دایمەن لە هەولێرێ، ٢٠٠٣.
-تراژیدیای کەرایەتی، زامداریات، ٢٠٠١.
-دێو، کۆمەڵە حەکایەت، ٢٠٠٦.
-دەشتی هەولێر، پەند و رازی شیرین، کتێبی گیرفان، وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠٠٥.
-بۆنی بێگانان دێ، دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد، چاپخانەی موکریانی، چ١، هەولێر ٢٠٠٨.

* (تێبینی: دوو کتێبی ئامادەیە بۆ چاپ...(بەدرخان))






دێو
چەمكی فۆلكلۆری
خالید جوتیار


فۆلكلۆر
كۆمەڵە بەرهەمێكی فۆلكلۆری یە
بەشی دووەم
هەولێر - ١٩٨٥


تارمایی ئەفسانەی
كوردی
خالید جوتیار


فۆلكلۆر
كۆمەڵە بەرهەمێكی فۆلكلۆری یە
بەشی یەكەم




خالید جوتیار
دەشتی هەولێر
پەندو زاری شیرین
هەولێر
٢٠٠٤


داستانی
قەڵای دم دم
دەق و لێکۆڵینەوە
خالد جوتیار
چاپی یەکەم
ساڵی ٢٠٠٠


لاوك
هەولێر ١٩٩٢


چیرۆکی
ئەفسانەیی





تراژیدیای کەرایەتی
سەربردەو ماجەرای محمود زامدار
١٩٤٤-١٩٩٦

خالید جوتیار
١٩٩٩








# خالید جووتیارو بەغدا

دوابەدوای ئەوەی قۆناغی ئامادەیی لە شاری هەولێر تەواوکرد بۆ خوێندنی زانکۆ رووی لە بەغدا کرد و لەوێ لە کۆلیژی ئاداب بەشی زمانی کوردی زانکۆی بەغدا ساڵانی ١٩٧٢ بۆ ١٩٧٦ دەخوێنێ، دوای چوار ساڵ خوێندن لەو زانکۆیە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردی وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە ئامێزی هەولێری دایک، هەرچەندە ئەو دەرچووی بەشی کوردی بوو، بەڵام بەدرێژایی ژیانی کاری فەرمانبەری لە فەرمانگەکانی بانک و دارایی و خەزێنە بەئەنجام گەیاندووە.

## خالید جووتیار و مەی

زۆرجار شەوانە خالید جووتیار دەیگووت من خەیامم، چونکە خەیامئاسا دەیزانی و حاڵی ببوو کە ژیان بێ مەی و شەراب و خواردنەوە وەکو ئەوە وایە لە بیابانێک بیت و دەستت بەهیچ شتێک ڕانەگات و لەداخا بمری، ئەو دەیگوت دەبێ مرۆڤ مەست بێ بۆئەوەی بیربکاتەوە، دەشیگوت: ئەو ژیانە ئەوەندە ناهێنێ عاقیبەت هەر مردنە، دەشیگوت: نە بەئارەزووی خۆم لەدایکبووم و نە بە ئارەزووی خۆشم دەمرم، یا دەیگووت دانیشتنی شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانت دنیایەک باس و بابەت و چەندین هەواڵی گەرم و گوڕت دەست دەکەوێ، هەروەها یەکێک بوو لەو کەسانەی ئارەزوویەکی یەکجار زۆری هەبوو بۆ گفتوگۆکردن لە دانیشتنی شەوانەدا، ئەگەرچی لەدوا ساڵەکانی تەمەنی چەندان پزیشک و دکتۆر داوایان لێی کردبوو کە واز لەمەی بێنی، چونکە بۆ باری تەندروستی ئەو باش نییە، وەلێ ئەو ئارەزووی لێبوو دواجاریش ئەو شەوەی لە کاتژمێر ١٠،٣٠ دا گیانی پاکی سپارد تا کاتژمێر ٨ی شەو هاوشان لەگەڵ مەحمود زامدار و کەریم دەشتی و هاشم سەراج و حەمید بەدرخان و حەسەن یاسین و فەیسەڵ عەلی و چەندانی دیکە لە یانەی یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر دانیشتبوون و برادەرەکانی دەڵێن: لەم دوایییانەدا لە بەرداغی گەورە"عەسیراوی"ەکەی دەخواردەوە، چونکە دکتۆر مەنعی کردبوو، ئەو بەزمە خۆشانەش کە خالید جووتیار دڵی زۆر پێ خۆش دەبوو.







# خالید جووتیار و نووسەران

خالید جووتیار لە ژیانیدا کەسێکی هێمن و لەسەرخۆ بوو، ئەو زۆرکەم سەردانی شوێنەکانی دەکرد کەم جاریش دەچووە نێو بازار و شوێنە گشتییەکان، وەلێ زۆربەی کاتەکانی ئەو زاتە لە فەرمانگەی خەزێنەی کۆیە بوو، لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیە بوو، چونکە دەبووا هەموو ڕۆژ بەیانیان کاتژمێر ٧ بچووبوایە ئەوێ و مەنزڵگای دووەمیشی یەکێتی نووسەران بوو لەوێ لەگەڵ سەعدوڵڵا پەرۆش و "مەحمود زامدار، کەریم دەشتی، هاشم سەراج، ئیسماعیل بەرزنجی، موحسین ئاوارە..." دادەنیشتن و باس و خواسی ئەدەب و کلتوور و فۆلکلۆر هەوێنی دانیشتنەکانیان بوو، مەنزڵگای سێیەمیشی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بوو، کە لەوێ لەگەڵ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن و حەمید بەدرخان و دکتۆر ئازاد حەمە شەریف و یوسف ئەبوبەکر و محەمەد زادە و دکتۆر وریا عومەر ئەمین وەمەسعودی مەلا هەمزە و د. هیمداد حوسێن و عەبدولڕەحمان مەعروف بواری ڕۆشنبیری هەوێنی باسەکانیان بوو. ئەو جگە لە چەندین پرۆژە کە بەبەردەوامی بەرنامەی نوێی هەبوو.



# خالید جووتیار و فۆلکلۆر

هەرکەباس لەفۆلکۆر و حەیران بکەین،ناکرێ ناوی خالیـد جووتیار نەهێنین، چونکە ئەو لە روونکردنەوەکەی بڵاوکراوەی هاموون دەڵێ من یەکەم کـەس بوومە لێکۆڵینەوەم دەربارەی حەیران بڵاوکردۆتەوە، هەروەها ئەو یەکێک بوو لەو نووسـەرانەی دەمێکە خولیای فۆلکلۆرەو چەندان کاری فۆلکلۆری کردووە، لەوە گرنگتر خالیدی رۆح زیندوو بە یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی فۆلکلۆری دادەنـرێ، لەبەرئەوەی لە مـاوەی تەمەنی خۆیدا ئـەو خزمەتێکی زۆری بە فۆلکلۆری کـوردی گەیانـدووە، خەونـی گـەورەی جووتیار پاراسـتنی فۆلکلۆری کوردی بوو لە فەوتان و نەمان، بۆیە پێش چەند مانگێک لە ماڵئاوایی ناوەندی ئەرشیف و پاراستنی هەولێـر بـە هـاوکاری گروپێـک دامەزرا، کـە ئەو یەکێـک بـوو لـە دامەزرێنەرانی، کە دەسـتەی بـاڵا بریتی بـوون لە:"دکتۆر بەدرخـان عەلی حەسـەن،خالید جووتیار، حەمیـد ئەبوبەکر بەدرخـان، بۆتان عەلی، مەحمود زامـدار، محەمەد زادە، خاڵیسـی ئەنتیکەخانـە"، کـە لەو ناوەنـدە دەخوازێ چۆن شـتە ئەرشـیف و بەڵگەنامەو شـتە کلتووری و فۆلکلۆرییەکان بپارێزرێ. بۆیە لەکاتـی هەواڵی کۆچـی نـاوادەی خالیددا هونەرمەنـدی گـەورە هۆمـەری دزەیـی بەگریانێکـی قوڵەوە بـە جووتیاری کوڕی گوت: ئەسـەفێکی گەورەیە بە لەدەستدانی برای ئێمەو باوکی ئێوەو فۆلکلۆری کوردیش فۆلکلۆرپەروەرێکی گەورەی لەدەستدا.









# خالید جووتیار و حەیران

هەموومـــان دەزانین حەیران بەشـێکی گرنگـی فۆلکلۆری کوردییـە بە تایبەتی لە دەشـتی هەولێر، کە حەیران شتێکی تایبەتە بە دەشـتی هەولێـر و زیاترینی حەیرانەکان لەو ناوچەیەدا تۆمارکراوە، هەروەکـو مخابـن لـە ئینسـکلۆپیدیای هەولێـر لـە بەرگـی"٩"دا لـە بەشـی فۆلکلۆر خالید جووتیار لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی سەبارەت بە حەیران و هەولێر لەدووتوێـی ئـەو ئینسـکلۆپیدیایە بـۆ یەکەمین جار نووسیی و بڵاوکراوەتەوە و نەیبینـی، خالـید جووتیـار ئەوەنـدە خولیـای حەیـران بوو، شـارەزاییەکی تـەواوی لـە حەیـران هەبـوو، ئـەوە نییـە لە ژمـارە "١٦"ی سـاڵی ١٩٩٩ی بڵاوکـراوەی هاموووونـدا لەژێـر ناوی "ڕوونکردنەوەیـەک لە بـارەی حەیران نووسـیویەتی: "لـەم شـەوانەی مانگی کانوونی دووەمـی ١٩٩٩ مێزگردێک لە تەلەفزیۆنی مەد تیڤی دەربارەی حەیران سازکرابوو، لەبەر بێ دەرامەتی نەبووا ڕاسـتەوخۆ پەیوەندیم پێوە دەکردن و ئەم خاڵانەم بۆ ڕوون دەکردنەوە:

١- مـن بۆ یەکەمین جار بەر لەهەموو نووسـەرانی کـورد لە سـاڵی ١٩٧٦ لە گۆڤاری "ڕۆشـنبیری نوێ" و لە سـاڵی ١٩٧٨ لـە گۆڤاری "بەیـان" لێکۆڵینەوەم دەربارەی حەیران بڵاوکردۆتەوە، دوای من بەچەندان ساڵ لێرەو لەوێ دەربارەی حەیران دەنووسرێ من بە دەلیل دەڵێم هەر هەموویان قۆپیە لە نووسـینەکەی من دەکـەن و ناوەرۆکی وتارەکەی من دووبارە دەکەنەوە تەنانەت سەرەداوێکی نوێشیان نەدۆزیوەتەوە.

٢- هەر هەموو ئەوانەی کە دەڵێن حەیران لە دەشـتی هەولێر سـەری هەڵداوە بە بۆچوونی عەشائیری هاتوونەتە مەیدان و بێ خەبەرن لە قوتابخانە زانستییەکانی لێکۆڵینـەوەی فۆلکلۆر پێویسـتە ئەوانە شارەزای پێڕەوی مێژوویی- جوگرافی بن کە کاتی خۆی داستانی کالیڤالای پێ دیراسە کرا.



# کەی دێیتەوە برا ئازیزەکەم



**پرۆفیسۆر د. شوکریه رەسول**

بە یادی جاران کە چەند ساڵێک بەهۆی شەڕی ناوخۆوە لە کۆڕی فۆلکلۆر پەروەران دوور بوو، کۆمەڵەی کەلەپوور هەڵوەشایەوە، بەڵام یادو یادگاری جوان هەردەم لە هزردا دەمێنێتەوەو لەبەر خۆوە ئەم یادە، ئەم وتە جوانانە لە زاخاوی مێشکم بۆ تۆی دەهۆنمەوە وەک پەروانە. دەڵێم برا ئازیزەکەم، کاکە خالید، کاکە جووتیار کەی دێیتەوە. ئەوە دەنگی حەیرانە بەرزە، تەکیە سەرگەرمە، حەیرانی دەروێشانە، حەیرانی دەروێشانە، حەیرانی عیشقی ئیلاهی بێ جڵەو لە بیرکردنەوە غەرق دەبین...

- ئای براڵە. براڵە ئاوارەکەم! بێ تۆ لە کۆڕی دەروێشانی عیشقی فۆلکلۆر زیکرکردن حەرامە. لە بێ تۆیی حەیران.

حەیرانمە....

- ئەی براڵە ئەوڕۆ بەو شەوە سەرم چەند دێشێ، دەردی لە دڵی من گرانە کۆڕ کۆڕی دەروێشانەی عاشقانە هەیەکە لە ئاوازێ

یەکێ بە دەف و دایەرەو چەندین دەروێش و مریدانی سترانۆک و حەیران و لە کۆڕی زیکری بێ تۆین....

ئەوە "سەدرەدین خۆشناوە" گۆرانییەکانی، حەمایل، هەندانێ، نەرین، نارین، گوندێ مەجووتن. زوڵفانی کەزێ زەڕ، بنەوشۆک. لێ لێ زەرێ. غەزەلی لێ جوانێ لەناو رەزا وایشۆکێ گەرم کردووە. گۆرانی غەزالێ یەلێ

جان جوان دەچڕی

باخ بێستان هەرمێنە

خانمێ مەرحەما دڵی می

جارێکی تر بەرز دەچرێ و گوێ لە مستانە:

ئایشۆکی مەندە. مەندە. مەندە. مەندە رەوەندی من

جوانێ مەندێم بۆزە- لاوکێ من

- ئەوە "عومەر پەتی"یە بایداوەتە مەیل و مەیلانێی کوردەواری و لە روحیانەتی زیندووی تۆدا سەرگەرمی ئەمە چییە و دڵخۆشت دەکات و دەردە دڵ لە بیرت دەباتەوەو

پێت دەڵێ:

ئەمە چییە؟!

سێ سوار هاتن بە لەنگەرە



دێوی ڕەشی وا لەسەرە
قاشۆکەیان هەورە بەرە
خۆ هەر لە گۆشـــەی زیکـــردا- عەباس عەبدولــڵا یوســف بە گۆرانــی وەڵامی عومەرپەتی دەداتەوەو هاوار دەکات:
ڕەفــۆ کــە بــە چەرتوکــە پــە تییلــەی زەنگرۆوکە هۆ....
لە پردێ باساکاریتەی گوڵە
بەژنی حەیرانێم دار قەرەتوڵە
لە ڕۆبنسێم زانی یارم دوودڵە
- ئەی براله سەرم چەند دێشێ، دەردت لە دڵـم گرانە. مەگەر ئەحمەد حەیرانێ بــە حەیرانەکانی دەردی دڵـم باتەوەو هاتە نیو مەجلیسانەو بە دەنگە خۆش و بەسۆزەکەی حەیران دەچڕێ و دەردم بەبا دەداو دەڵێ:
حەیــران لاجــان لاجانە، لاجــان لە من بەگومە
دیوەکی عەجەم. دیوەکەی ڕۆمە
ئەوە کیژ دەڵێ:
بە هەزار مەلاو فەقێییان مارەکرابم
هەر کوڕەتیم حەیران هی خۆمە
- ئای براله سەرم چەند دێشێ، دەردێ لە دڵم گرانە، لە گۆشەی زیکرو عاشقانە ئەوە دکتۆر "شەکراوە" وا میوانەو چاو دەگێــڕێ. ئای کۆڕ گــەرم بووە نازانێ سەردەســتەی داســتانی کــوردەواری "خالید جووتیار" لە کوێیە. تۆ بڵێیت مەستی گوێ گرتنی داستانی سورمەخان و خورشــیدی چاو بە خارو محەمەد و ســێوێ و حەســەن و مەریەم، خەج و سیامەندە،
میری باعەردێ ســەری گــەرم بووە، ســوێندی بە مەلەک تاوس، بە محەمەد ڕەشادی پشتی چیای مەقلوبا خواردی خواردییە،

هەتا لە من خەلاس نەبێ چل ســواری بەردەرکا، کۆشک و دیوەخان ناکەوێتە دەستی عەجاما سورمێ خانێ.
- ئای براله سەرم چەند دێشێ، دەردت لە دڵم گرانە، ئەوە نسیبەخانە. بی ماڵ و بــێ خودانە. چەندە مــات و غەریبە، دایم فرمێسک لە چاوانە، چەند غەریب و چاو لە ڕێیانە...
ئــای بــرا خێــر نەدیوەکــەم دەردت چەنــدە گرانــە. لە کۆڕی مەجلیســا لە غەمباریدا "تاریق جامباز" پەل بۆ دونیا شــاراوەکانی ئەفســانەکاندا دەگێڕێ و رقی لە شــەرخوازانە کــە رق و کینەو مەرگی کردە میوانی شــۆرە ســواری عاشــقانە چاو بە دونیــای خیرخوازدا دەگێــڕی و کــۆر شــینەو شــەپۆرو لە خــۆدان. خێرخواز لــە ململانــێ دایە. ئــاوی ڕەحمەت بە دڵ و دەروونی "دڵ شــەوەتاندا" دەکات و دوعــای خێر بۆ کۆڕ بەستان دەکات...
- ئای براله سەرم چەند دێشی دەردت لەدڵم گرانە...
چەندی شێخ و مەشایخ نەهاتنە هاواری دڵانە...
ئەوە زگ سووتاوە "مەولوود بێخاڵییە" کون و قوژبنی هەولێری پیرە شــار بە دوتا دەگــەڕێ و وەکو کوڕە لاوە بزر بۆکــەی نات دۆزێتەوە. ئــەو لەمێژەوە دەزانــێ "خالید نەمــرە" و زیندووە، بۆ هــەر کــوێ بچــێ هەگبــەی فۆلکلۆری لــە کۆڵدایە خدری زیندە ئاســا نەمری و خێــر بــە هەژاراندا دەبەخشــێ و لە تروساکی "هامون" دا لە کۆڕی زیکریش بۆ ماڵئاوایی گەرمەو هەموو دەڵێین لە دەستمان چوو. بەخوا ئیتر نایەتەوە و نایەتەوە...



# خالید جووتیار و دەقەکانی لاوک و حەیران

لەپاڵ هەموو ئەو کارانەیدا خالید جووتیار لە تەمەنی خۆیدا چەندان دەقی لاوک و حەیرانی نووسیوە، بەشێکی زۆری ئەو دەق و لاوکانە لەلایەن هونەرمەند هاوتا ئەسعەدەوە تۆمار و بڵاوکراونەتەوە، زۆرجاریش لە گەشتەکان خالید جووتیار بۆ دڵدانەوەی خۆشەویستانی، بەتایبەتی لە گەشت و سەیرانی ئازیزانی لاوک و حەیرانی دەگووت، ئەو لە دەقی لاوکی هەولێرێ دەنووسێ:

**سپێدەیە. سپێدەکی گەلەک زووە**
**قەڵاتێ هەولێرێ دیسان لە تەمێ بزر بووە**
**سەدایێ دێ. لەچار کەناران هەڵلایە**
**سواران لە بەفرێ راهاتن**
**پێشمەرگە هاتنەوە. هەولێر...**
**رابن کوڕ گەل. ئەو قەڵایە ئەسیری دەستی زۆردارە. هەولێر لە فرمێسکان غەرق و**
**دەشتی کاکی بە کاکیمان بەهاری**
**لە خەندە دزراوە**
**سبەینەیە. سبەینەیەکی چەند لە مگێزە**
**لە چوار لاوە. هەر میوانی ئازیزەو دێ**
**هەر گوڵەو لەشار دەبارێ**
**عەتری باروتی پێشمەرگە بەسەر رۆحمانە**
**قەڵا لای لایە دەژەنێ**
**وەرنە دەرێ. با پێکەوە شەیپوورە مەرگی**
**دوژمن و تەپڵی سەرکەوتن هەڵدەنێ**
**ئەمڕۆ هەموومان بە لاوک پیرە قەڵا رادەژەنین، زبارەی**
**عەشقی پیرۆزەو تەبارەی مەرگی دوژمنان**
**حەیرانێک بۆ بەژنێ نازدار حەیرانێ خۆ**
**بەسەر دەشتی کاولە قەراجێ هەڵدەدەم**
**مرکیەو کەندێناوەی رەنگین لەگەڵم دێت**
**کۆنە برینان سارێژ دەکەین**
**خەت و خارێ چەندان ساڵەی ئازیزانم**
**رادەموسم،**
**لە هەولێرێ یەکە یەکەی ماڵەکانی**
**قەیسەری و بازاڕ و دوکانی**
**عاشقانی رێی خەبات و کوڕە مەردو ئازاکانی، کیژی ئازاو پیرەکانی**
**دەستە دەستە ماڵەو ماڵ و کۆڵان کۆڵان**
**هاتنە پێشوازی پێشمەرگەو**
**پێکڕا گوتیان. دەک بەخێرێ**
**پێشمەرگەی ئازای هەولێرێ..**



# خالید جووتیار و شیعر

خالید جووتیار نووسەرێکی وا سادە نەبوو کە هەمووان بە ئاسانی تێی بگەین و بتوانین لە بوارێکدا بیدۆزینەوە، لە پاڵ هەموو ئەو نووسینانەی لە بواری فۆلکلۆر دەینووسی، خالید جووتیار یەکێک بوو لەو شاعیرانەی جیاواز لە دەنگەکانی دیکە خاوەنی دەنگێکی تایبەت بوو، بەوەش نەدەوەستا بەردەوام قسەی هەبوو لەسەر شیعرە جیاوازەکان، ئەو دواییین دوو خوێندنەوەی خۆی بۆ دیوانی شیعری هەریەک لە شاعیران "نیگار نادر و شنۆ میهرپەروەر" لە هەفتەنامەی بەدرخان و رۆژنامەی کوردستان راپۆرت بڵاوکردەوە.

# خالید جووتیار و هاموون

هەمووومان دەزانین خالید جووتیار بە بەردەوامی لەژیانی ئەدەبی و رووناکبیری خۆیدا وەک رۆژنامەنووسێکیش کاری کردووە، ئەو لە ١٩٩٧/٨/٢١ یەکەم ژمارەی بڵاوکراوەی هاموونی دەرکرد، کە خاوەن ئیمتیازی "سمکۆ دزەیی" و خۆی سەرنووسەری ئەو بڵاوکراوەیە بوو، ئارام ساڵح وەکو جێگری سەرنووسەر کاری کردووە، بڵاوکراوەکە تایبەت بوو بە شاری کۆیە و زیاتر گرنگی بە مێژووی کۆیە دەدا، لە دوو خولدا ئەو بڵاوکراوەیە ٥٦ ژمارەی لێدەرچووە، لەچەند ژمارەیەکی کۆتایی، وەکو پاشکۆیەکی بەدرخان بڵاو دەکرایەوە خالید جووتیار لەو بڵاوکراوە زۆر هیلاک و ماندوو بوو، بەشی زۆری کارەکانی ئەو بڵاوکراوە خۆی دەیکرد و لەپاڵ ئەوەشدا خەڵکانێک هەبوون کە هاوکارییان دەکرد لەو بڵاوکراوەیەدا، لە ژمارە "١٥"ی ئەو بڵاوکراوەیە لە لاپەڕە ١دا بەناوی دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی هاموون نووسراوە:"بەناوی دەستەی نووسەرانی هاموون سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێز "کۆسرەت رەسول عەلی" سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەو رێزلێنان وهاوکاری و یارمەتییەی کە پێشکەشی رۆژنامەکەمانی کرد، کە بەو یارمەتییە لەمەولا مانگانە رۆژنامەکەمان بەرێکی دەگاتە خوێنەران".





# خالید جووتیار و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

لە ماوەی ١٠ ساڵ تەمەنی کارکردنی دەزگای بەدرخان، چەندان نووسەر کاریان کردووە و وەکو شەمەندەفەرەکە سەرکەوتوون و لێی دابەزیون، وەلێ خالید جووتیار لەو ڕۆژەوەی لە بەدرخان دەستی بەکارکردن کردووە بەردەوام بوو تا ئەوڕۆژەی چووە دنیای فانی، ئەو لە بەدرخان جگە لەوەی ڕاوێژکاری کلتووری بوو، لە هەمان کاتیشدا لەهەموو ژمارەیەک بابەت یا دیدار یا دەقی فۆلکلۆری هەبوو، جگە لە "٢٦" ژمارە کە گۆشەیەکی بەردەوامی هەبوو بەناوی "قامووسی فۆلکلۆر" کە لەو قاموسەدا هەرجارەو باسی لە زاراوەیەکی فۆلکلۆری دەکرد، لەدوای ئەو ٢٦ ژمارەیەشدا لە چەند ئەڵقەیەکدا گۆشەیەکی هەبوو بەناوی "ڕەنگاوڕەنگ" کە لەو گۆشەیەشدا بابەتێکی وەرگێڕدراوی لە زمانی عەرەبی وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی و بڵاوی دەکردەوە، لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا بە بەردەوامی لە بەدرخان پرس و ڕای پێدەکراو بەشی زۆری بابەتە کلتوورییەکان لەژێر چاودێری ئەو بڵاودەبوونەوە، ئەوە جگە لەو گەشتانەی کە ئەو وەک ئەندامێکی کارای گەشتەکان بەشداربوو، دواترین گەشتی، گەشتی بەدرخان بوو بۆ وڵاتانی سوید و ئەڵمانیا، سەرەڕای بەشداربوونی فێستیڤاڵ و چالاکییەکان و گەشتەکانی دەزگای بەدرخان لەم وڵاتانە "سوریا، ئوردن، تورکیا، لوبنان، قاهیرە، بەرلین ..هتد".







# خالید جووتیار و گەشت

خالید جووتیار یەکێک بوو لەو کەسانەی کە بەدرێژایی ژیانی زۆر حەزی لە گەشت دەکرد، ئەو دەیگووت گەشت ژیانت نوێ دەکاتەوە و شارەزات دەکا لە تێگەیشتن لە ژیان، ئەو دەیگوت: گەڕان و گەشت وەکو ئەوە وایە"١٠٠"کتێب بخوێنیتەوە، چونکە کاری خۆی دەکات، ئەو زۆرجار کەسە بە تەمەنەکانی ئەوروپای بە نموونە دەهێنایەوە، کە ئەوان کاتێک دەگەنە تەمەنی دوای ٤٥ ساڵی بەشی هەرەزۆری ژیانیان بۆ گەشت تەرخان دەکەن، بۆیە لە گەشتەکاندا لە خەمی شارستانی و مێژوویی و شوێنەواری ئەو وڵاتانەدا بوو، مخابن هەموو جاریش دەبووا سەردانی دکتۆر بکات، ئەو بۆخۆشی دەیگوت من دکتۆری ئارکۆلۆژیاو میتۆلۆژیام، دکتۆرەکانی ئەوانیش بۆمن فەخاخن.

# خالید جووتیار و کۆڕاڵ

بەوپێیەی خالید جووتیار ماوەیەکی زۆربوو لە بواری ئەفسانەو حەیران و فۆلکلۆر کاری دەکرد، بۆیە شارەزاییەکی باشی لە هونەر هەبوو، هەردەمیش حەزی لە کاری هونەری بوو، دواکاری هونەری کە خالید جووتیار بینی و ئامادەی بوو، شانۆگەری "حەشارگە" بوو لە دەرهێنانی مەهدی حەسەن، لە ساڵانی رابردووشدا خالید جووتیار کاری لە داستانی "قەڵای دمدم" کرد و بەشێوەی کۆڕاڵ نمایشکرا، کە کاری ئامادەکردنی مۆسیقاکەی ئارەزوو ئیسماعیل کردی کە تیپی باواجی کۆیە و بەرهەمی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شەهید جەعفەر بوو لە کۆیە، هەر بۆیەشە خالید جووتیار تا لەژیاندا مابوو کوڕەکانی "جووتیار و بەیاری ناردە پەیمانگای هونەرەجوانەکان بۆ خوێندنی هونەری بە شێوەیەکی زانستی.



# خالید جووتیار و نەخۆشی

لەو چەند ساڵەی دوایی ئەگەرچی خالید جووتیار زۆر دڵی بەژیان خۆش بوو، بۆ ژیاندۆستی و ژیانخۆشی دەژیا، لەگەڵ سەختی نەخۆشییەکانی ئەو هەرگیزاو هەرگیز بیری لە مردن نەدەکردەوە، وەلێ هەندێکجاریش نەخۆشی تەنگی پێ هەڵدەچنی و هەر بۆ خۆشی باسی نەخۆشییەکانی دەکرد و دەیژماردن (دائلملوک، کە ئەو دەیگوت نەخۆشی شاهانەم هەیەو جگە لە نەخۆشییەکانی رەبۆ، زەخت، سوکەری، دڵ و. هتد) دەشیگوت من پیاوێکی زۆر خۆڕاگرم، لەبەرئەوە دەبێ دکتۆرەکانی کوردستان و ئەوروپا بەدوو رۆژ ئینجا کاری پشکنینم بۆ بکەن، ئەو دۆستی حەبی بن زمان و بەتایبەتی فەخاخەکەی بوو، فەخاخ ئەو پەمپە نەعلەتیە بوو کە جووتیار



هەردەم دەبووا یاوەری بێ، لەبیرمە فەخاخی لەبیرچووبوو چۆن دکتۆر کارۆخی عەلی عەسکەری لە سوید رەچەتەی بۆ کرد و فەخاخی بۆ دابین کرد، چونکە لە ئەوروپا بێ رەچەتەی حەکیم هیچ نەخۆشێک ناتوانێ لە ئەجزاخانە دەرمان وەربگرێ. قەناعەت بکەن کاتێک فەخاخەکەی دەست کەوت یەکسەر پلی لەسەر دانا و بە ئاراستەی دەمی خۆی وەکو ئەوە وابێ لە بەرنامەی ملیۆنێر سەد ملیۆن دیناری بردبێتەوە. سەبارەت بە نەخۆشی دڵ و سوکەری و زەخت و ئەوانی دیکە دیسانەکە لە نیسانی ٢٠٠٧ کاتێک لەمیوانداری چوارەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە بەرلین لەرێگای زاهیر خۆشناو و کاک شاخ و بە هاوڕێیەتی موحسین ئاوارە سەردانی دکتۆری دڵیان کرد و پێیان گوتبوو پارێز بکە و ئاگاداری تەندروستی خۆت بە، لە پاشان بۆ ستۆکهۆڵم و بە تایبەتی کاتێک لەنێو بازاڕدا بە مەبەستی سەیرکردنی بازاڕی کۆنی سویدی خالید جووتیار سەرودڵی تێکدەچێ و لەرێگای کچە هونەرمەندی سویدی کامێلا پەیوەندی بە ئەمبولانسی سویدی دەکاو دەستبەجێ دەگەنەجێ و هەر زوو خالید جووتیار رەوانەی باشترین و چاکترین نەخۆشخانەی ستۆکهۆڵم دەکرێ بە ئاگاداری نەوزادی عومەرئاغاو تەلار هیرانی و موحسین ئاوارەو حەمید بەدرخان و سنوور زاهیر و رزگار شێخانی و. هتد، پاش چارەسەرکردنی لە نەخۆشخانە دێتە دەرەوە و تەندروستی زۆر زۆر باش بوو، هەر لەناو نەخۆشخانە وتارێکی نووسی و لەژمارە ١١٣ی بەدرخان بڵاوکرایەوە.



# نەخۆش کەوتم نەهاتی



**خالید جووتیار- سوید**

ئەوە چەند رۆژە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ستۆکهۆڵم دەنووم لە هەمان کاتدا ریز و خۆشەویستیم بۆ وەزارەتی تەندروستی خۆمان هەیە.

رۆژی ٢٠٠٩/٤/٣ لە کاتێکدا لەگەڵ برایانی دەزگای بەردخان و خۆشەویستان کاک نەوزادی عومەراغە و خاتوو تەلار هیرانی لە شەقامە جوانەکان تووشی باری تەندروستی نارێک بووم، کاتێک کچە سویدییەکی دەستە خوشکی تەلار خان تەلەفۆنی بۆ ئەمبوڵانس کرد، منیش لە شوێنێک بەرەو هیلاکی دەچووم، پاش ٥ دەقیقە ئەمبوڵانس هات، ٣ کچ و کورێک هەر زوو باوشیان پێدادام و خستمیانە ناو ئەمبۆڵانس ئیدی کەوتنە لەبەرکردنەوەی قاپوت و بلوس و کراس، بەپەلە جیهازی ئەنجیریانی هێنا، فشاری خوێنیان بۆکردم و هێڵکاری دلیان بۆ کردم ئینجا ئەمبوڵانس راست و چەپی شەقامەکانی ستۆکهۆڵمی بڕی و گەیاندمیانە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، هەر لە پرسگاکە پێنج سستەر و دکتۆرێک لە چاوەڕوانی دابوون، نەمزانی چۆن بەو پەلەو دەست و بردییە خوێنیان لێ وەرگرتم و هەر کامێکیان دەهات و چاک و چۆنی دەکرد و خۆی پێشکەش دەکرد و دەیوت من فلانم، کە دەرزیان لێدەدا، پێشتر ئاگاداریان دەکردمەوە، کە هیوادارن ئەزیەت نەکێشم، من هەر یەکسەر برینپێچ و دەرزی لێدەری کۆڵانەکانی هەولێرم وەبیرهاتەوە، ئەمبوڵانسە رووت و قووتەکانی خۆمان نەخۆشی خۆمان لەسەر مەرگیش بێت ئەو



ناز و جوانییەی لێ نادرێت، هات و چووی چەند جاری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێرم هاتەوە بەرچاو، کە رۆژانی تۆز و با بۆ هەناسەدان چووم و لە پرسگەیەکی پیس و چەپەڵی پڕ بۆن و بەرامە، چەند ساتێک دەمێنیەوە بەراستی مرۆڤ تووشی هەڵوەستە دەبێ بە ئێمەی خاوەن (١٨) ساڵی حکومەتی هەرێم نەتوانرا رۆشنبیرێکی هاوچەرخ و چارە سەرییەکی هاوچەرخانە تر لە نەخۆشخانەکەمان پەیڕەو بکەین، رۆشنبیری تەندروستی بڵاو بکەنەوە، دکتۆر و برینپێچ و سستەرەکانمان لەسەر رێز گرتن و خۆشەویستی نەخۆش رابهێنن، لەوێ تێگەیشتم دەستنیشان کردنی نەخۆش لای خۆمان چەند بە ئاراستەیەکی نا دروست دەڕوات، چەندان کەسمان لەبەر دەرزی و دەرمانی ئێکسپایەر مردن، چەند نەخۆش لەسەر قەرەوێڵەی پیس و چەرچەفی نادروست دەخەون، دەیاگوت



ساڵانە چەند دەورەیەکی نوێ دەبینن، چونکە راستی پزیشکیش دەکرێ، کەچی لای خۆمان رۆشنبیری ساڵانی حەفتا و هەشتا پەیڕەو دەکرێت، بەداخەوە من لە ناسۆری دەروونمەوە ئەو قسانە تۆمار دەکەم، من و لێپسراوێکی گەورەی ستۆکهۆڵم لەتەنیش یەک داین، من کە چووم ئەو لەوێ بوو، بەڵام زووتر چارەسەری منیان کرد، چونکە بە ئەمبولانس چووم، کاک رزگار شێخانی هاوڕێم، دکتۆرەکانی تێگەیاند، کە من نووسەرم چەند گەشانەوە و چەند داوای لێبوردنیان کرد، ئەگەر کەم و کورتییەکیان بووبێ، تا بەیانی کچە نوێنراوەکە چوار جار هاتەوەی لام و شەکرە و فشاری خوێنی بۆ گرتم، دوای چارەسەر بۆ بەیانی وەگێڕێکیان هێنا، دکتۆرێکی پسپۆری دڵ هات و باری تەندروستی بۆ شیکردمەوە، ئەوجا بە جوانی بەڕێیان کردم و لەبەر دەرگا کاک حەمید بەدرخان و موحسین ئاوارە و هەموو ئەندامانی وەفدی بەدرخان لە پێشوازی دابوون، چەپکە گوڵی جوان بۆ دکتۆر و پەرستارەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ستۆکهۆڵم.

پاش ئەوەی لە ستۆکهۆڵم دەچێتە ئۆپساڵا لەلایەن دکتۆر بەدرخان عەلی حەسەن پشکنینی پێویستی بۆ دەکرێ و دکتۆر بەدرخان راشکاوانە پێی دەڵێت دەبێ لەمڕۆوە واز لە خواردنی جۆراوجۆر و چەوری و شتی قورس و بە تایبەتی مەی خواردنەوە بێنی، ئەگەرنا ژیان گلەییت لێدەکات و ئەوکات نە من و نە هیچ دکتۆرێکی دنیا ناتوانێ فریات بکەوێ، هەرچەندە لەپاش ئەو چارەسەرە لەرێگای دکتۆر ئەرسەلان بایز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە هاوڕێیەتی موحسین ئاوارە دەچێتە تورکیاو لەلایەن بەهرۆز گەلالییەوە رێزی لێدەگیرێ و پشکنینی تەواوی بۆ ئەنجام دەدرێ.



# خالید جووتیار و ئاوارە بوون



کەس نییە نکۆڵی لەوە بکا کە خالید جووتیار پێشمەرگە و ئەندام و هاوڕا بە بیروڕای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لەوەش گرنگتر جووتیار عەشقی هەولێر بوو، وەک چۆن عەشقی یەکێتی بوو، بۆیە دوای ئەوەی لەشەڕی ناوخۆ کارەساتی "١٩٩٦/٨/٣١" روویدا خالید جووتیار یەکێک بوو لەوانەی ئاوارە بوو و لەزێدی خۆی وەدەرنرا، ئەو زۆر بەو ئاوەراییەوە دەیناڵاند و لەدووری هەولێر ژیانی لێ تاڵ ببوو، بەقسەی جووتیاری کوڕی دەڵێ: باوکم ئەو نەخۆشیانەی هەمووی لەپاش ساڵی ١٩٩٧ تووشبوو، هۆکەشی بۆ ئاوارەیی و دووره هەولێرێ دەگەڕایەوە. لەوانەشە زۆربەی ئەو نەخۆشییانە هی ئەو رۆژانە بێ، ئەو ژیان تاڵییەی خۆی و دڵ توندییەی بە شیعر و دەقی لاوک و حەیران دەربڕیوە، دەقێکی هەیە بەناوی "هەولێری سەر بەتەم" هەروەها لە ژمارە "٥"ی ١٩٩٧/١١/١ بڵاوکراوەی هاموون شیعرێکی دەربارەی هەولێر لەژێر ناوی "سڵاو هەولێر" بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ:

**قەڵای سەرکەش و منارەی بەژن بڵندی**
**شێخی چۆلی. مەرقەدی غەریبانی**
**تەریقەت و ئەڤینداراني خێرنەدیو،**
**سڵاو شەقام و کوچەو کۆڵانەکانی**
**بیرەوەریمان حافزانی مزگەوت و**
**خانەقاو تەکیەکان**
**شاری رەشپۆشانی ئومێد و کوڕە تیلاک**
**خوارەکانی پیرە هەولێرێ**
**سڵاو. ئەی دەری غاری موبارەک تەکیەی**
**ئەدیبان و هونەرمەندانی هەولێر**
**مەچکۆی ژێری و ژووری**
**سڵاو. ئەی هێڵەگی سەودای سەری گێژی**
**ئەویندارانی تەریقەت**
**سڵاو. یادگارە جوانە جێماوە**
**غەریبەکان**
**گۆڕ، غەریبەی قەڵا. سڵاو مەفتەن و**
**زێدی باپیران،**
**سڵاو: ئاوارەکان سڵاو**
**سڵاو: پێشمەرگەی قارەمان**



# خالید جووتیار و د. مارف خەزنەدار



دکتۆر مارف خەزنەدار دەربارەی خالید جووتیار و قۆناغی خوێندنی لە زانکۆی بەغدا دەڵێ: خالید جووتیار قوتابییەکی زیرەک بوو، کوردپەروەر بوو، لە سەردەمی خوێندنیدا وابزانم جموجۆڵی سیاسی نهێنی هەبوو، لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە موحازەرەکان ئامادە دەبوو و بەشداری دەکرد، ئەگەرچی هەندێک کەمدوو بوو، بەڵام هەندێ جار کە دەکرایەوە زانیارییەکی زۆری دەخستەڕوو، جگە لەوە نووسەری باش بوو، بایەخی بە فۆلکلۆر و پەندی پێشینان و نەریتی نەتەوایەتی دەدا، لە ژیانیدا هەردوو سیستەمی فێرکردنی قوتابی و نووسینی ئەدەبی خستبووە سەرشانی، یەکێکیان لەلای شانی راستی، ئەویدیکەیان لەسەر شانی چەپی، جگە لەوە کەسێکی بە وەفا بوو، هەمیشە یادی برادەرانی دەکردەوە و مامۆستاکانی خۆی لەبیر نەدەکرد، داخی گرانم مردنی موفاجەئە بوو بۆ من، بە تایبەتی لە کاتێکدا زانیم کە تازییەشی بەسەرچوو بوو، هەر چۆنێ بێ خالید جووتیار لە لاپەڕەیەکی مێژووی رووناکبیری کوردی ناوی دەمێنێتەوە.

# خالید جووتیار و زامدار

نەک لە هەولێر بگرە لە کوردستانیش کە ناوی مەی و مەیخواردنەوە هات ناکرێ ناوی مەحمود زامدار لەیاد بکرێ، نەک هەر لەمڕووە بەڵکو لە ساڵانی حەفتاوە جووتیار و مەحمود زامدار دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی بوون و هەر لە کۆمیدیای کەرایەتی زامدار و زامداریاتی جووتیار و وەڵامە بەپێزەکەی جووتیار بۆ مەحمود زامدار بەناوی تراژیدیای کەرایەتی و کەین و بەینی چەندین ساڵەیان لە بۆتەی چەند گۆشەیەکدا لە بەدرخان بەناوی زامداریات بڵاوکردەوە، بۆیە زۆربەی شەوانی نووسەران ئەوانە بەیەکەوە بوون، چونکە جووتیار و زامدار لە راستیدا لەزۆر شت لێک جیاواز بوون، بەڵام مێزی خواردنەوە هەموو شەوێک کۆی دەکردنەوە، کە حەمید بەدرخانیش هەواڵی کۆچی دوایی خالیدی بە زامدار راگەیاند ئەو دەستی کرد بە هاوار و بابەڕۆ گریان و لەوەڵامدا دەیگوت:"ئای. ئای. ئای..."ئەو هەواڵە چییە، ئای. ئای... هتد، ٢ رۆژیش بوو خۆی لەماڵەوە نابوو، بێ ئەوەی کەس بیبینێ، پاش سۆراخکردنی





لـە عەبدوڵـڵا زەنگەنـە، هەواڵـی ئـەوەی پێگوتیـن کە سـەلامەتەو لەماڵی سـیفەری کوڕییەتی، نەخوازەڵڵا لەگەڵ بیسـتنی ئەو هەواڵـە جەرگبـڕە هیچـی لـێ نەهاتـووە، چونکـە بە قەولـی زامدار ئەو لە پرسـەی ئازیزانـی ئامادە نابێ، ئەوە نەریتێکەو بۆتە زامداریات.

# خالید جووتیار و مۆسیقا

خالید لـەدوای دەوامـی فەرمانگـە لەگەڵ هاوڕێکانـی دەچوونـە دەرەوەی کۆیـە، زۆربەی کات لەگەڵ مامۆستای میوزیکژەنی ناوداری کۆیە (سەردار ئەحمەد) کاتەکانیان بەسەر دەبرد بۆیە بەباشمانزانی مامۆستای ناوبراو سـەبارەت بە خالید جووتیار بدوێ و گوتی:(مـن هەرلەو کاتـەی کەهاتە کۆیە بـوو بـە بەڕێوەبـەری گەنجینـەی کۆیـە بەهۆی برادەرێکم بەناوی مامۆسـتا عومەر جەمیـل بۆ یەکەم جار ناسـیم، ئیتر هەر لە دانیشتنی یەکەمم لەگەڵی ئەو پیاوە نوسەر و ڕۆشـنبیرە زوو کەوتـە بەردڵـم وای لێهات تێکەڵاویەکی باشـمان پەیداکرد، زۆر شارەزایی لە هۆنراوە و گۆرانی و بەتایبەتی لە حەیران هەبوو، زۆرجار گفتوگۆمان لەو بارەیەوە دەکرد.

چەندین جار بەیەکەوە ئەڕۆیشتین بۆ گەشت کردن بۆ چنارۆک یان دوکان یان هەرجیگایەک بە دڵی ئەو بوایە،سـەفەر وگەشـت لەگەڵی زۆر خـۆش بوو،لەگەشـتەکاندا حەیرانـی دەوت یان گۆرانی ساوەر کوتانەوەی دەوت منیش بەشمشـاڵ هاوکاریم دەکرد،چەندین گەشـتمان بەیەکـەوە ئەنجامـدەدا، لەوانـە (داوەتنامـەی گۆڤـاری ڕامـان، کـە یادی شـاعیری گەورە مەلای جزیری لەشـاری دهۆک) زۆر بەخۆشـی کاتەکانمان بەسـەر دەبـرد و لێـی بێزارنەدەبووی، ئەوکاتەی بـاری تەندروسـتی تێـک چوو بـوو پێش چەند سـاڵێک لەگەڵی چـووم بۆ لای دکتۆر چارەسەری بۆنوسـی و پارێزیشی بۆ دانا بەماوەی دوومانگ باری تەندروسـتی زۆر باش ببوو.

بـەڵام بـەم دواییە ئـەو پیاوە ڕۆشـنبیرو نوسـەرە لەبەر بـاری تەندروسـتی خۆی خانەنشـین کـرد و ڕۆیشـتەوە بۆشـاری هەولێر،چـوار ڕۆژ پێـش کـۆچ کردنـی تەلەفۆنـی بۆکردم، وتی پاش چەند ڕۆژێکی تر دێمە کۆیە سـەردانیەکتان دەکەم منیش بەنـاوی خۆم و بـرادەران خۆشـحاڵیم بۆ دەربڕی،بـەڵام بەداخـەوە مـەرگ مەودای نەدا، هـەر پاش چـوار ڕۆژ هەواڵی کۆچی دوایی ئەو پیاوە ڕۆشنبیر و نوسەر و قسە خۆشەم پێگەیشت،هەروەک برایەکی ئازیزم لەدەسـت دابێت وابوو.بەڵام هیچ دەسەڵات نیـە و هەرئەوەنـدە دەتوانیـن لەیـەزدان بپاڕێینـەوە کـە جێگای بەهەشـت بێت و سـێبووری ماڵەوەیان بـدات و جووتیاری کوڕی جێگای باوکی بگرێتەوە).





# خالید جووتیارو کۆیە

ئەگەرچی خالید جووتیار خۆی لە دەشتی هەولێر و ناوچەی کەندێناوە لەدایکبووە، وەلێ لەبەر وەزیفەکەی و ئاوارەیی و ڕێککەوت کە وایکرد بکەوێتە کۆیە، ئەو دەیگوت: لەوڵاتی هەولێرێ کەوتوومە وڵاتی کۆیێ ئەوەندەی خالید کۆیەی خۆشدەویست لەوانەیە کۆییەکیش هەر ئەوەندە کۆیەی خۆشویستبێ، ئەگەر سەیری ئەرشیفی بڵاوکراوەی هاموون بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو پیاوە مەزنە پاکە چی بۆ کۆیەو مێژووەکەی کردووە، چونکە بە درێژایی زیاتر لە ٨ ساڵ خزمەتی کلتووری ئەو شارەی بە دەرکردنی بڵاوکراوەی هاموون کرد، جگە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لەو بڵاوکراوانەی کە لە دەڤەری کۆیە دەردەچوون.

# خالید جووتیار و ئەحمەد شەریف

د. ئەحمەد شەریف دەربارەی خالید جووتیار دەڵێ: لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو خوالێخۆشبوو خالید جووتیارم ناسی کە لاوێکی لاوازی بەژن و باڵا بەرزی ڕووخۆش و ژیر و ورد و هوشیار هاتە بەرچاوم، بۆ جاری یەکەم لە بانکی رافیدەین وەکو فەرمانبەر دامەزرا، من پێشتر لەو بانقە فەرمانبەر بووم و کە هاتن زۆر ڕێزم لەوو لەکاک ئازاد تۆفیق گرت، کە هەردووکیان تازە دامەزرابوون، بە تایبەتی کە زانیم هەردووکیان ڕۆشنبیر و کوردپەروەر و نیشتمانپەروەرو ئەدەب دۆستن.

ساڵ و ڕۆژ ڕۆیشت پەیوەندیمان تا دەهات لەگەڵ ئەو دوو لاوە بەهێز دەبوو بووین



بە برادەری گیانی بە گیانی و دانیشتنی شەوانمان هەر بەیەکەوە بوو، هەر لەو سالانە کاک خالید ناوی دەرچوو بۆ سەربازی و نەچووە شەڕی نەگریسی عێراق و ئێران و چووە ریزی "پێشمەرگەی کوردستان و دواتر دوای تەواوبوونی شەڕ گەڕایەوە و پەیوەندیمان تا دەهات بەهێز دەبوو لەدوای ٣١ی ئاب لە سلێمانی یەکترمان گرتووە. خۆشەویستیمان تا دەهات زیاتر دەبوو داخی گرانم لە بەرەبەیانی ٢٠٠٩/١٢/٢٥ کاک عەبدولرەحمان کانەبی تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ سلێمانی خەبەری جەرگبڕی مردنی کاک خالیدی پێگەیاندم.

دیارە رۆیشتنی جووتیار کەسەرێکی گەورەو کۆستێکی ناوادەی ئەو کەڵەپیاوە رۆشنبیر و شۆرشگێرە بوو، سڵاو لەگیانی پاکی کاکە جووتیار.

## خالید جووتیار و کتێبخانەکەی

لەژووری کتێبخانەکەی بێ خالیددا چەندین کتێبی ناوازەو بەرهەمداری تێدایە چ بەرهەمەکانی خۆی یا بەرهەمی ئەو نووسەرانەی کە خۆی دەیخوێندنەوە



ئەوەندە کتێبی هەیە، کتێبگەلێکی زۆرن، دەکرێ لە پاشەڕۆژدا پۆلین بکرێت و لە دەزگایەکی کلتووری گەورە بۆ زیندوو راگرتنی رۆحی ئەو پیاوە گەورە"ماڵی کلتووری خالید جووتیار"بکرێتەوە.

## خالید جووتیارو دەستنووس

کاتێ سەیری کتێبخانەکەی دەکەیت پڕییەتی لە دەستنووس و کتێبی گرانبەها، جووتیاری کوڕی خالید جووتیار کە کوڕە گەورەکەیەتی گوتی: ئەو کتێبخانە هەمووی هی باپیرمە"مەلا تاهیری کەندالە قەل" یا"مەولود ئەحمەد"چونکە باپیرم جگە لەوەی مەلایەکی زیرەک و هۆشیار و رووناکبیر بوو، گرنگی زۆری دەدا بە دەستنووس، بۆیە پاش کۆچی دوایی باپیرم کەوتە لای ئێمەو، ئێمەش دەیپارێزین. چونکە هەندێ کتێبی تێدایە تەمەنی ٢٥٠ ساڵ دەگەڕێتەوە..

## خالید جووتیار و رۆژنامەنووسی

خالید جووتیار هەر لە سەرەتای سالانی حەفتاو دەست کردنی بە نووسین و خوێندنەوە لەپاڵ کارە ئەدەبی و فۆلکلۆرییەکانی چەندین کاری رۆژنامەوانیشی ئەنجامداوە، بۆیە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەندامی کارابوو هەر لە دەرکردنی بڵاوکراوەی هاموون و نیازی دەرکردنی گۆڤاری میتۆلۆژیای هەبوو، کە مۆڵەتی دەرکردنی پێش کۆچی دوایی بە ٢مانگ وەرگرتبوو ...



# خالید جووتیارو نەسیبە جەلالی هاوسەری



یاد و یادەوەری خالیدی هاوسەرم تەواو نابێ، لەساڵی ١٩٧٩ ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێناوە، ئەوکات من فەرمانبەر بووم لە فەرمانگەی رستن و چنینی هەولێر و ئەویش لە بانک، لەڕێگای سامی شۆڕش وەزیری پێشووی وەزارەتی رۆشنبیری داوای من کرا بۆ خالید جووتیار، پیاوێکی بەوەفا بەرامبەر من و منداڵەکانی، بەرامبەر هاوڕێکانی، لەساڵی ١٩٨٢ بوو بە"پ.م"و منیش پێ بەپێ لەگەڵی بوومە چەکی خالید قەڵەم بوو، ئەو برادەری کۆنی رێکخستن و نووسەرەکانی بۆ ساڵانی هەشتا دەگەڕێتەوە بەتایبەتی"جەوهەر کرمانج، نزار خەیلانی، نەوزاد رەفعەت، سەعدوڵڵا پەرۆش، سەلاح عومەر، ئەنوەر مەسیفی، سامی شۆڕش"وابزانم ئەوانە بەیەکەوە دەرچوون و بوون بە پێشمەرگە لەناوەڕاستی هەشتاکانیش جارێکی دیکە بوو بە پێشمەرگەو لە بالیسان و چەندین شوێنی دیکەش لەگەڵی بووم، بەتایبەتی جارێکیان لە هەڵەبجە بەپێ لەگەڵ خالید چووینە ئێران، لەژیانی پێشمەرگایەتی زۆر ناخۆشیمان دیت. دەردی خالید بێ دەرمان بوو، دەرمانی نەبوو، هەرچەندە لەلایەن کاک کۆسرەت و د. ئەرسەلان و عیمان ئەحمەد و حاجی مەمۆو د. کەمال فوئاد و خەڵکی دیکەش هاریکاری کرا. بەڵام نەخۆشییەکانی زیادی کردبوو، با گلەییەکیش لە"ی.ن.ک"بکەم، چونکە هەموو خەڵک خانەنشین دەبێ بە دەرماڵەوە خانەنشین دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر پلەی"بەڕێوەبەری گشتی"بێ. بەهەرحاڵ من یەک لە خۆشەویستمانم لەدەستدا، ئەو پیاوەی بۆ"٣٠"ساڵ مێرد و هاوڕێی رۆژانی سەختی ژیانی بووم و ژیانم بوو. سوپاسی هەموو ئەو کەسانەش دەکەم کە لە پرسەی خالید جووتیار باوکی"لادێ و لێوان و کەنار و جووتیار و بەیار"ئامادەبوون.







# خالید جووتیارو ناوەندی ئەرشیفی شار




دوابەدوای ئەوەی لە مانگی ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ دەزگای بەدرخان گەشتێکی بۆ ئەوروپا ڕێکخست، یەکێک لە ئەندامانی ئەو گەشتە خالید جووتیار بوو، کە چوونە سوید و ئەڵمانیا، لە سوید خالید جووتیار چووە شاری ئۆپسالا و لەماڵی سنوور زاهیر هەناری کە دەکاتە زاوای نەوزادی عومەر ئاغا زۆر ئاسوودە دەژیاو دڵی ئەوەندە خۆش بوو کاتێک گەشتێکی نێو دەریای لەرێگای پاپۆرە زەبەلاحەکانی نێوان ستۆکهۆڵم و فینلەندا ئەنجامدا، ئەوکات دەیگوت نەمردم نێو دەریاشم بینی و پاک بوومەوەو ئەگەر بشرم ئەوەندە کەسەرم نییە، دواتر سەردانی کلینیکی دکتۆر بەدرخان عەلی حەسەنمان کردو دکتۆر بەدرخان پێی گوت وەرزش بکەو باری تەندروستیت زۆر باش دەبێ، هەر لەو دانیشتنە بڕیاری دامەزراندنی ناوەندی ئەرشیفی پاراستنی هەولێر ڕاگەیەندراو کە لەژمارەی ١١٣و ١١٤ی هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوکرایەوە، کە لەلایەن دکتۆر بەدرخان عەلی حەسەن و خالید جووتیار و حەمید بەدرخان مۆرکرا، کە ئەو ناوەندە بۆ پاراستنی هەرچی ئەرشیف و دەستنووس و شتێکی دیکەی گرنگی تایبەت بە هەولێر هەبێ لەلایەن ئەو ناوەندەوە دەپارێزرێ.





# خالید جووتیار و بارزانی

لەژمارە ١٢٠ی هەفتەنامەی بەدرخاندا خالید جووتیار قەسیدەیەکی زۆر جوان و نایابی دەربارەی سەرکردەکانی کورد بەتایبەتی"سمکۆی شکاک، شێخ مەحموودی حەفید، قازی محەمەد و مەلا مستەفا و شێخ سەعیدی پیران"نووسی و بەتایبەتی ژیانی مەلا مستەفای بارزانی نووسی، کە لەو قەسیدەیەدا بەناوی"داستانی ئاراس" هەربۆیە خالید جووتیار جیاوازی نەدەکرد لەنێوان سەرکردە کوردەکان، چونکە سەرکردەکان لەلای ئەو خەتی سوور بوو، بەشێوەیەکی زۆر جوان باسی لە جوامێری ئەو کەڵە پیاوانە کردووە کە رۆژێ لەڕۆژان بەردێکیان بۆ کورد خستۆتە سەر دیوارێک، لە بەشێکی قەسیدەکەدا کە لە ساڵی ١٩٩٧دا نووسیویەتی هاتووە:

**سەرێ زۆزانان بابۆ-**
**بەفری خودێنە**
**هەرجێیەک چۆمێ بابۆ**
**موریدێ بارزانی لێنە**

***

**دەپێدا پێدا**
**بەدەڤەرێ مێرخاسان بە بارزانی رەنگین**
**داکەتم. چەند لەبەرزێ دا**
**نورەک دیار بوو لەئاسمانان**
**بارانی رەحمەتان بوو**
**دەباریە مەملەکەتێ جوان و**
**کە لەس و زورگ و بەربەنان**
**دونیا تژی دەبوون لە چریکەی شالوران**
**لەغەیبێڕا**



**دەنگەک گازی دەکر**
**بەختی نوستووی کۆنە ساڵان**
**واگا هاتن**
**مزگێن مزگێن گەلی کوردان**
**رۆژا کوردستانێ هەلات**

***

**سلێمانی بە بڵندی گۆیژەو ئەزمڕ**
**چرۆی ئاواتی گرتووە**
**لە"دار الملک" ی بابانا**
**تژی مێرخاسی بادینی و لەوێ سۆران**
**لە وێ گەرمیان**
**ئەوە رۆحە پیرۆزەکەی باوە یادگار**
**ئەوە دەست لە ملانێ ی، شێخ و**
**خوشمیرێ هەرچوار کەناران**
**لە"دار الملک" ی بابانا**
**هەر پێشمەرگەو سەرکردەیە**
**لەشێخی بازی بەند میوانە .**



# خالید جووتیارو پێڵاوەکانی شەهید سۆران سلێوە



شەهید سۆران، ناوی:عبدالمسیح پۆلس سلێوە یلدە، لەساڵی ١٩٥٥ لەعەنکاوە لەدایکبووە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، لەساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لەدۆڵی بالیسان، لەبەر چالاکی و جموجۆڵی زوو ناوبانگی دەرکرد، لەبەرئەوە ئەمنی هەولێر ماڵی باوکی و خێزانی گرتن و ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٣ بەربوون، ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٤ هەموویان گیرانەوەو دوای ماوەیەک ئەو خێزانە بەداخەوە هەموویان شەهیدکران، کە ئەمانە بوون: سێبەر صلیوە، خێزانی و ژاڵەی کچی مام صلیوەی باوکی، نێرگزخانی دایکی و حەمامەو شەزاو سەبیحەو نەدای خوشکی.

شەهید سۆران ساڵی ١٩٨٢ لەبالیسان هەردەم لەبارەگای یەکێتی نووسەرانی کوردستان لقی هەولێر بەقسە خۆشەکانی ئاوەدانی و ئارامی پێدەبەخشین، درود بۆ ڕۆحی پاکی سۆران و شەهیدەکانیان، ئەو قەسیدەیە بەشێکە لەوەفا:

سەحەر بوو<br>
"سێوە"دەنگی دەهات و دیار نەبوو<br>
سەدایەک لەدێرێ ڕا لەبەر ماڵی – صلیوە<br>
بە نەرمەکیرۆشکەی دەغلان هات<br>
سوارێک لەتەمی کەنیسەی عەنکاوە<br>
ڕووەو بالیسان هات<br>
جوتێ پێڵاو جیا لەو پێڵاوانەی<br>
بۆ مزگەوت و کەنیسەو دێرێ پێی دەڕۆن<br>
پیرۆزتر لەسەری خائین و جوانتر<br>
لەچاوی جەللاد و بە هەیبەتتر<br>
لەبەژن و قامەتی ئەمن و سیخوڕەکانی عەنکاوە<br>
بالیسان مەملەکەتێکی جوان بوو<br>
دەمەو عەسران لەوانێ ڕا<br>
لەچوارچراو مەهابادێ لەدەشتی پیرە هەولێرێ<br>
سوارەی بەبەو گەرمیانێ<br>
دەمەو عەسران لەچیای هەورێ، دەرەشیرێ<br>
بە ئەسپە شێی گەردەلوولێ لەدێرێ ڕا<br>
ناقوسێک لێی دەدا، خامۆشی<br>
قەشە زەنگی نوێژیان لێدا<br>
سەریان بەدیواران دادا<br>
جوتێ پێڵاو جیا لەو پێڵاوانەی پێی دەچنە دێرێ<br>
جیا لەو پێڵاوانەی لەبەر تارمەی مزگەوتان دەکەون



جیا لەو پێڵاوانەی پێی دەچینە ژوانی کچان
جیا لەو پێڵاوانەی سواڵی پێدەکەین
پیاوێک لەخەونی یوسف
لە نووری ئیمان، لەهێمنی باسترناک
لە نهێنییەکانی مونالیزا، پیاوێک لەشیعر
هێواران شاباڵی داوێتەوە سەر عەنکاوە
بەیانیان زوو لەسەر دیواری کەنیسە
دەرگاکان دەخاتە سەرپشت
ماڵەکان بەسەر دەکاتەوەو دەڕوا
کەس نازانێ بۆکوێ دەڕوا
لەزێی بادینان دێتەوە لەچیای مەقلوب
لەلالش سەرخەوێک دەشکێنێ
لەزینەتیر ئاودیو دەبی
سروەیەک دێتن لەهەورێ
خشپەی پێ دێ، پێی قەدەرێ
بەفرانباران کوتەکی رێگا دەشکێنێ
لەگەڵ زریان هەڵدەکاتن کە بۆ هەولێرێ دێتەوە
شوێن پێی دیاربوو، هەردێ و نزیک دەبێتەوە
کە دەڕۆیشت، دیاربوو هەنگاوی دوور ناوە
دەستی وڵاتی کۆتران ...

---

# خالید جووتیار و مەسەلەیەکی د.مەولود ئیبراهیم حەسەن

دوابەدوای ئەوەی نووسەر و شاعیر و مامۆستای زانکۆ د. مەولود ئیبراهیم حەسەن شیعرێک دەنووسێ و بۆ شاخی دەنێرێ، بەناوێکی خواستراوەوە بە ئاگاداری خۆی ئەو شیعرە لە گۆڤاری نووسەری نوێ لەساڵی ١٩٨٢ بڵاو دەبێتەوە، کاتێکیش کە دکتۆر مەولود بەنیازی چاپکردنی نامیلکە شیعرییەکەی دەبێ ئەو شیعرەشی کە لە شاخ بڵاوکراوەتەوە دەیخاتە ناو نامیلکەکە و دەیباتە رەقابە لە بەغدا بۆ دەزگای رۆشنبیری کوردی بەغدا ساڵی ١٩٨٥، سێ جار رەفز دەکرێ و لەپاشان لەلایەن ئەمین نەقشبەندی رەزامەندی چاپکردنی وەرگرتووە بۆ ئەو مەسەلەیە خالید جووتیاری نووسەر بەو مەترسییە دەزانێ و هەرزوو د. مەولود ئاگادار دەکاتەوەو دەڵێ"ماڵخراپ چیتکردووە" ئەوە چۆن دەبێ لەشاخ هەمان شیعر بڵاوکراوەتەوە لە دیوانەکەش هەیە، د. مەولود دەشێوێ و ئەترەشی دەچێ، لەبەرئەوە باکی نەبوو لەپاکی و ئەمینی خالید جووتیار، چونکە دەیزانی جووتیار دەستێکی ئەمینە.





# خالید جووتیار و ئەهرامەکان



هەر لەمیانی ئەو گەشتانەی کە بەدرخان ڕێکی خستبوو بۆ وڵاتانی دەرەوە، لە یەکێک لە گەشتەکان کە بۆ وڵاتی میسر ئەنجامدرابوو، خالید جووتیار ئەندامێکی ئەو گەشتە بوو، ئەو زۆر دڵخۆش بوو بە بینینی ئەهرامەکانی میسر و خۆزگەی دەخواست کە کوردیش ئاوا کەلەپوور و کلتوور و فۆلکلۆری خۆیان بپارێزن.

# خالید جووتیار و میتۆلۆژیا

باسکردنی گۆڤاری میتۆلۆژیا وا بە سانایی ناکرێ، لەبەرئەوەی ئەوە خەونی هەرە گەورەو سەرەکی خالید جووتیار بوو، ئەو گۆڤارە بۆ قۆناغی تایپ و هەڵەبڕی بە دەتی خالید جووتیار خۆی دراوەتە دەست مەسعودی مەلا هەمزە و ئەویش تا ئێستا کاری تێدا دەکا، ئەو گۆڤارە چەندان بابەتی گرنگ و بەسوود لەخۆدەگرێ، چەند ڕۆژێک بەر لە مردنی خالید جووتیار لە دانیشتنێکدا خالید سەروتار و ستافی کار و تەواوی خاسیەتە کۆتاییەکانی گۆڤارەکەی داوەتە مەسعودی مەلا هەمزە و گوتبووشی بابەتێک ماوە بە سیدی بۆت دێنم، بەڵام ئەسەف خالید جووتیار وەفاتی کرد و میتۆلۆژیاش لەدایک نەبوو، پەنا بەخوا بە هەوڵی دڵسۆزان لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو گۆڤارە چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

# خالید جووتیار و خەونەکانی

لەوانە نییە بتوانین بە چەند دێرێک تەعبیر لە خەونە جوان و پەمەییەکانی خالید جووتیار بکەین، وەلێ ئەو خەونی سەرەکی لەدایکبوونی گۆڤاری میتۆلۆژیا و گەیشتنی جووتیار بە دەستگیرانەکەی و لەوانەش گرنگتر ئەوەبوو کە خالید هیوای دەخواست کورد ئازاد بێ و



فۆلکلۆر و ئەفسانەشی پارێزراو بێ، چونکە دەیگوت: فۆلکلۆر شوناسە.

# خالید جووتیار و بانک و د. ئازاد حەمە شەریف

دەربارەی خالید جووتیار و بانق دکتۆر ئازاد حەمەشەریف دەنووسێ: دوا دوایی ساڵی ١٩٨٤ بوو تازە ژنم هێنابوو و لە خزمەتی سەربازی خۆم شاردبۆوە، لەگەڵ ژنەکەم ڕێک کەوتین پارچەیەک زێڕی خێزانەکەم بفرۆشینەوەو بیکەینە دۆلار و لەرێگای ئێران پێی بچینە دەرەوە. وابوو پارچە زێڕەکە "کە گۆبەرە" بوو فرۆشتم و کردمە دۆلار و زۆر بەگرانی ئەو دۆلارانەم لەلای برادەرێک کرییەوە.

لەوە دڵنیا نەبووم کە دۆلارەکان ساختەن یان ڕاستەقینە، ئەوسا خۆشم لێم نەدەزانی و کەم کەسیش جێگای متمانە بوو نەک هەر باسی دۆلاری لەگەڵ بکەیت، بەڵکو من دەمەویست دۆلارەکانی پیشان بدەم و لەوەش دڵنیابم کە کەسێکە جێگای متمانەیە.

برادەرێکم پێی گوتم: بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و ساختەیی دۆلارەکان برۆ بانک و بەکاک "خالید جووتیار" بڵێ ئەو بۆت ساغ دەکاتەوە". چووم و دوای ئەوەی خۆم پێی ناساند زۆر بوێرانە پارەکانی بەهێمنی لێوەرگرتم و گوتی: "هەرچەندە من لێی نازانم بەڵام بەکاک ئەحمەد شەریف نیشان دەدەم و ئەو لە ڕاستی یان ساختەیی دۆلارەکان دڵنیات دەکاتەوە".

هەردوای نیو کاتژمێر هاتەوە لام و دۆلارەکانی هێنایەوە و دایەوە دەستم و گوتی: "تەواون" هەر لەوێدا من هیچ گومانم لەوە نەما کە خالید جووتیار مرۆڤێکی دەم و دەست پاکە، چونکە تا ڕۆژگاری پڕ مەترسی سەردەمی بەعس بەسەرچوو لەلای کەس باسی بوونی دۆلار منی نەکرد، چونکە ئەوسا هەرکەس دۆلارێکی لەدەست بگیرابووایە بە دڵنیایی زیندانی دەکرا.





# خالید جووتیار و خەزینە

ئاسۆ حەمەد عەبدوڵلا کە ئێستا بەڕێوەبەری خەزێنەی کۆیەیە بەم شێوەیە سەبارەت بە خالید جووتیار لە لە خەزێنەی کۆیە دوا: خالید جووتیار بەڕێوەبەرو برای گەورە و خۆشەویست و ئازیزم، لەو کاتەوەی کە ئیدارەی هەولێر لەکۆیە دامەزرا لە ساڵی ١٩٩٧یەکێک لەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە بە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر بوو لەکۆیە، کەکاک خالید لە ١٩٩٧/٣/١ بوو بە بەڕێوەبەر، لەو کاتەوە کارم لەلا کردووە تاکو خانەنشین بوو، بەڕێوەبەرێک بوو وەک هاوڕێ هەڵس و کەوتی لە گەڵ گشت فەرمانبەران دەکرد و منی زۆر خۆشدەویست و زۆر هانی دەدام بۆ فێربوونی کارەکان تاکو ئەمرۆ کە ئێستا بووم بە بەڕێوەبەری گەنجینەی کۆیە، کاک خالید قوتابخانەیەک بوو بۆ من هەم لەڕووی کارگێڕی و دارایی و ڕۆشنبیرییەوە، کاک خالید وەک هیچ بەڕێوەبەرێک نەبوو کەلەگەڵ فەرمانبەرانی ئاوا دڵسۆزبێت و یارمەتیان بدات، ئەوفەرمانبەرانەی کە لەسەرەتای دروست بوونی گەنجینەی کۆیەوە کاریان لەلای کردووە لەو ڕۆژەوەی کۆچی دوایی کردوە کە دێن بۆ ژوورەکەم دەست دەکەن بە گریان زۆرم هەوڵدا لەگەڵ خاتوو (بەیان نادر و ناهیدە ساڵح و سۆزان عەبدولواحێد و نەشمیل غەریب و عاسیمە ئەحمەد و نازەنین فەقێ) کە وتەیەک بنوسن لە گەڵمدا بەڵام لەبەرگریان نەیانتوانی. ئەوفەرمانگانەی کە یەکەی ژمێریاریان سەر بە گەنجینە بوو هەموو خۆشیان دەویست و ڕێزیان دەگرت و برادەرایەتیان دەکرد، خەڵکی کۆیە زۆر بەچاوێکی بەرزەوە تەماشایان دەکردو چەندین خاسیەتی بەرزو جوانی هەبوو، ئەگەر لەدەرەوەی فەرمانگە لەگەڵ هەرکەسێک دانیشتنی بکردایە لەڕووی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیەوە کەسێکی زۆر قسەخۆش و ڕووخۆش بوو، بەڵام کە لەفەرمانگە کاری دەکرد زۆر کەسێکی لێهاتوو و یاسایی بوو، ڕێگەی بەکەس نەدەدا لەڕووی ژمێریای و کارگێرییەوە هەڵە بکات.

کاک خالید هەموو کات فەرمانبەرانی هۆشیار دەکردەوە و دەیگوت لەگەڵ خەڵک زمانی گوڵ بەکاربهێنن و فێری زۆر شتی دەکردین لەبارەی کارگێڕی و ژمێریای و دڵسۆزی بۆ فەرمانگەکە و هاوکاری کردنی خەڵک، زۆر یارمەتی هەژارانی ئەدا.





# له حاجی مەمۆوە بۆ خالید جووتیار



پێش ئەوەی شتێک، سەبارەت بەو هاوڕێیە کۆچکردوە بڵێم و سەردولکە بۆ کۆچی بلەزی بهۆنمەوە، حەزدەکەم ئەوە لەبەردەمتان بڵێم و بەرۆکی لەخۆبایی بونی هەریەکەتان بگرم . ئەرێ ئێمە میلەتێکی خاوەن کەلتوری جەهالەتی مردو پەرستین ! سەیرە هەتا ئەوکاتەی فلان و فیسارمان بۆ یەکجارەکی لەناو بزرنەبێت، بەتایبەت رووی قسەکانم لەو کەسە شۆڕشگێڕانەی دوێنێ و دەسەڵاتداری ئەمڕۆی رۆژانی سێبەری پارەو سامانی بێشومارە و چاویان تێڕ نابێت و ئاوڕێک بەلای ئەو شۆڕشگێڕییەی دوێنێیان نادەنەوەو بگرە هەتا خەونیشی پێوە نابینن ! هەتا دەیان رۆلەی بەئەمەک و وەفاداری خاک و نەتەوەکەمان لەنمونەی خالید جووتیارو مجید حمدامین خەمناک و مستەفا پەژار و قاسم محمد و جەندانی دیکەی کوچەوکۆلانە قەلەندەرەکانی هەولێری ئەمڕۆی تژی لە زاقوزریقی سەیروسەمەرە، لەبەر ئازاری نەخۆشی جەستە وروحی و نەبونی و دەستکورتی گوزەران و ناعەدالەتی کۆمەلایەتی لەرادە بەدەر ! هەتا ئەو زاتانە بۆ یەکجارەکی و چیتر بەرگەی ئەم فشارانەیان نەگرت و بەزگیان نەدا، زۆر بەدەگمەن بون و بگرە نەبون بوون، ئەو دەنگانەی لەگەل مەرگ و لەبەرچاوگومبونی، سەیرە لەدەوری تەرمەکەی کۆبونەوە و هەتا کۆشنەبونەوە . کەچی هەنوکە فرمێشکی بۆ دەهۆننەوە ! دەبا رادەیەک بۆ ئەو کەلتورە نقومبوەی دواکەوتویی دابنێین و هەریەکەمان لە شوێنەکەی خۆیەوە کە رۆڵەیەکی مەغدوری لەمجۆرە دەبینی و بەشایەنی دەستگرتن و بەتەنگەوە چونی دەخوێنتەوە، با دەنگ هەڵبڕین و تەنیا لەخەمی پاروی چەورترو زۆرتری چاوچنۆکی تەنیای خۆمان نەبین، بە بەرپرسیارانی دەولەت و حیزب و کۆمەڵ بێژین، دەبێ یارمەتی ئەو مرۆڤە ماندو و بەلەنگازەی رۆژانی تەنگانە و خاوەن هەڵوێست بونە بدەن .

گوێگران ناسیاوی من لەگەل ئەم زاتەی ئەمڕۆ لەناومان نەماوە، وەک رۆڵەیەکی تازە هەڵکەوتوی کورد لە شاری هەولێر بۆ سەرەتای حەفتاکان دەگەڕێتەوە و ئەو دەمە لەخوێندنی زانکۆی بەغدا بە یەکتر ئاشنا بوین و بەندە ئەو دەمە دوو ساڵ لە پێش ئەو بوم . دۆستایەتییەکەمان زۆرتر لەرێگای قوتابی ئەوان رۆژان (نەجمەدین عەزیز)ەوە بوو کە ئەو دەمە لەگەل چەند هاوڕێیەکی دیکەی خوێندن، لەیەکێک لە ئەڵقە سەرتاییەکانی رۆشنبیری کۆمەڵەی مارکسی لینینی بیروباڕی ماوتسی تۆنگی کوردستاندا، هاوڕێیەتییەکەمان گەرموگوڕتر بوو . خالید خورتێکی هەست و نەست ناسک و عاشق بوو، لەگەل گەشەکردنی ژیان پێدەکەنی و بۆ بەرەوپێشەوە چونی نەتەوەو ولاتەکەی شاگەشکە دەبوو . لەناو

میتۆلۆژیا



ژیری و خولیای بیرکردنەوەی جووتیاردا هەزارویەک خەون و خۆزگەی بچوک و گەورە هەبون، هەر لەعیشقی شیعرو خۆشەویستی فۆلکلۆرو بەتایبەتیش حەیرانی دەشتی کاکی بە کاکییەکەی هەولێری لاچەک بەسەردا هەتا دەگاتە ولاتپارێزی و گەورەیی نەتەوەکەی و بە قوربابی بونی شارەکەی هەولێر، دەروێشێکی بە وەفا و دانەبڕاو بوو ..

لە بیرمە لە رۆژانی ژیانی خوێندنی بەغدا، مەرگی دایکە دڵسۆزەکەی مایەی وەرچەرخانێکی بەرچاو بوو لە دونیای هۆش و بارکردنی کۆستەکانی ژیاندا . خالید لە زانکۆی بەغدا دەنگێکی دیاری شیعرو کوردپەروەری و رۆشنبیری کوردی بوو . لەساڵی ١٩٧٤ دا ئەویش وەک دەیان هاورێ و هاواداری کۆمەڵە بەشداری خەباتی چەکداری نەتەوەکەی کرد لە شۆڕشی ئەیلولدا، بەڵام ئەوە بو بەهۆی گرفتێکی خێزانی و بەناچاری بەر لە کۆتایی هاتنی ئەو خەباتە چەکدارییە، گەڕایەوە بەر خوێندن و بۆ ماوەیەکی کاتی لەیەک دابڕاین . لە ساڵی ١٩٧٥ دا، منیش کە گەڕامەوە بەغدا بۆ تەواوکردنی دواساڵی خوێندنەکەم، سەرلەنوێ لەگەڵ خالید بوینەوە رەفیقی هاودەمی یەکتری و هەرگیز لەبیرم ناچێت، ئەو رۆژانە بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کۆمەڵە لەوان رۆژاندا توشی هاتبوو، بەندەش کەوتبومە ناو بارودۆخی ژیانێکی پڕمەترسی هەرەشەی گرتن لەلایەک و خراپی گوزەرانی ژیان و خەریکی ئەوە بوم کە بەیەکجارەکی دەست لە خوێندنەکەم هەڵگرم، کەچی لە دیدارێکی چایخانەکەی ( الکندی ) بەغدا، خالید وەک فریشتە بە هانامەوە هات و هیمەتی ئەوەی دامەبەرێ کە دەبێ خوێندنەکەم تەواو بکەم کە هەر ٤٥ رۆژم بۆ تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ مابوو . هەروەها ئامادەیی خۆی دەربڕی کە شوێنی خەوتن و مانەوەم لەلای خۆیان بۆ مەیسەر بکات کە لەگەڵ چەند هاوشارییەکی خۆمان، شوقەیەکیان لەسەرەتای شەقامی ( الکفاح ) بە کرێ گرتبوو کە برایان ( محمد عبدالخالق و کمال علی ) بون کە ئەوانیش بەوپەڕی ریزگرتنەوە جێگایان کردمەوە . لەگەڵ بەردەوامی ژیان من و خالید

هەمیشە پەیوەندی برادەریمان لەسەرەوەی هەرجۆرە جیاوازییەکی بیرکردنەوەو لەیەک دابرانی رێکخراوەیی بوە، جونکە خالید بەراستی مرۆڤێکی رەوشت بەرزبوو، ریزی ئەو هاورێیانەی خۆی زۆر دەگرت . رۆڵە تێکۆشەرەکانی ئەوان رۆژانی تەنگانەی خۆشدەویست و خۆی لێنەدەشاردنەوەو بگرە هەمیشە و سەرباری هەرجۆرە مەترسییەک هاوکارو پشت و پەنای شۆڕشگێران بوو . هەتا لەناو گەرمەی هێزوتوانای بەعس و دەسەلاتەکەی، بە هاورێتی چەندان رۆڵەی جوامێری دیکەی هەولێر لەپاییزی ساڵی ١٩٨٢ دا،پەیوەندی بەریزەکانی خەباتی چەکدارییەوە کردوە و وەک نوسەرێک لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشداری شۆڕشی کردوە . من لێرەدا ناچمە ناو بواری ئەوەی خالید جووتیاری کۆچکردو لەبواری ئەدەبی و رۆشنبیری چی و چی پێشکەش بە ولات و نەتەوەکەی کردوە و بۆ رەفیقەکانی دیکەی بەجێدەهێڵم . لەکۆتاییدا تەنیا ئەوە ماوە من بڵێم کە خالیدی مرۆڤ و خاوەن توانا زۆری بەبەرەوە مابوو لە بۆ خزمەتکردن و ژیان، بەڵام دیارە مەرگی بەزگدان بواری نەدا و تەنیا بەر لەیەک رۆژی پێش ئەو مەرگە ناسۆرە، لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەل بەندە لە ولاتی سوید، کەسەرو نیگەرانی خۆی بۆ هەڵڕشتم، لەسەر ئەوەی دەزگای خانەنشین غەدریان لێکردوە و موچەکەیان لێکەمکردوتەوە، سەرباری ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بریاری خانەنشینکردنی بە پلەی بەرێوەبەری گشتی دراوە . وەلێ لەگەل ئەوەش گەلۆ، ئەو ئینسانە هەست بەرزە هەر کۆڵی نەدابوو، لەسەرمەشقی ئەوە ئەو گۆڤارەی سەبارەت بە میتۆلۆژی کە ماوەیەکی زۆر بوو لەخەمی بەچاپگەیاندنی بوو، بەدڵێکی پڕ لە ئومێدەوە خوازیاری بەچاپگەیشتنی . داخەکەم خالید جووتیار کۆچیکرد و جاوی بە ژمارەی یەکەمی چاپکراوی ئەو کۆرپەیە نەکەوت . رەبی مووی لێ بێ زمانی . پەنجەکانی هەڵوەرێ هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی دۆزەخ بەرێ ..

**حاجی مەمۆ . ٢٧ / ١٢ ٢٠٠٩ ستۆکهۆلم**





# خالید جووتیار و حەمیدی برا

بێگومان هیچ شتێک بەقەد کارکردن لەیەکترت نزیک ناکاتەوە، دوای ئەوەی خالید جووتیار ماوەیەکی زۆر بوو لە بەدرخان کاریدەکرد، بە بەردەوامی لە کاتی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنەکانی حەمید بەدرخان دەیگوت: بەڵێ حەمیدی برا، جیا لەوەش لەو ماوەیەداو دوای ئەوەی حەمید بەدرخان ماڵی خۆی کرد بووە دراوسێی خالید جووتیار و زۆرجار شەوانە لە نووسەران بەیەکەوە دەچوونەوە و زۆرجاریش مۆبایلیان وەلاوە دەناو لەسەر دیوار قسەیان دەکرد، وەلێ هەندێ جاریش لە یەکتر توورە دەبوون، دەیگوت توورەبوون بۆ مرۆڤ دەبێ"٢٤"سەعات بێ، دەشیگوت:"پەپوولەی کوڕی دێو" نازانم لێت توورەببم بڵێم چی. هەر دەیگوت حەمیدی برا پاسپۆرت و لیژنەی پزیشکی و فەخاخ و جانتا و تەرجەمەکانم و هەموو شتێک ئامادەیە بۆ کوێ بڕۆین.

# خالید جووتیار و تەلەفریک

دوای ئەوەی هاوشان لەگەڵ مەحمود زامدار و حەمید بەدرخان و نازم دڵبەند و حوسامەدین سەرداری و ڕێبین ڕەسوڵ و دەشتی سەباح و شوان تاڤینگ و یوسف ئەبوبەکر و موحسین ئاوارەو عەبدولرەحمان مەعروف و چەندان ڕۆژنامەنووس و نووسەری دیکە گەشتێکیان بۆ سوریا و لوبنان و قاهیرە ڕێکخست، لەوێ گەشتیاران سواری تەلەفریک بوون، هەندێ لە برادەران نەوێراون سەرکەون، خالید جووتیار گوتبووی سەرکەون من لاوک و حەیرانتان بۆ دەڵێم، کە سەرکەوتبوون خالید جووتیار لاوکی بەسەر مەحمود زامدار هەڵگوتبوو. پەنا بە خوا وێنە ڤیدیۆییەکەی ئەوکات بڵاودەکەینەوە.







# خالید جووتیار و پەشێو

دوای چەندین ساڵ دابڕان لە یەکتر دوای ئەوەی عەبدوڵڵا پەشێو لە سوید لە ستۆکهۆڵم لە ٢٠٠٩/٤/٢ لە سەنتەری"کلتور هاوس" کۆڕێکی شیعرخوێندنەوە بۆ چەند شاعیرێک ساز دەدرێ و یەکێک لەو شاعیرانە"عەبدوڵڵا پەشێو"بوو، خالید جووتیار و ستافی گەشتەکەی بەدرخانیش لەو کۆڕە ئامادە دەبن، لەوێ عەبدوڵڵا پەشێو لەناو کۆڕەکە یەک بە دەنگی خۆی هاواری کرد "جووتیار گیان ئەوە تۆی"، ئەو گەشتانە بووە، هۆی ئەوەی دوای چەندین ساڵ دابڕان ئەو دوو هاوڕێیە بەیەک بگەنەوە.

# خالید جووتیار و شەوی ئاخیرەت

بێگومان دوایین ساتەکانی ژیانی مرۆڤ پڕن لە رووداوی سەیرو سەمەرە، خالید جووتیار دوایین شەو لە یانەی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر تا درەنگانی شەو دانیشتووە لەگەڵ کەریم دەشتی و مەحموود زامدار لەدووری ٣ مەتر قسەی لەگەڵ حەمید بەدرخان و حەسەن و یاسین و فەیسەڵ عەلی کردووە، لە کاتژمێر ٨ لای ئەوانی جێهێشتووە و بە حیساب گەڕاوەتەوەماڵەوە، بەڵام قسەیەک هەیە گوایە خالید جووتیار چەند پرسیارێکی داوەتە هاشم سەراج بۆ ئەوەی وەڵامی بداتەوە بۆ





گۆڤاری میتۆلۆژیاو گوتوویەتیشی ئەگەر مردم وەڵامەکان بدەوە بە کەریم دەشتی، پرسیمان لە هاشم سەراج و ئەویش گوتی: بەڵێ ئەوەتا پرسیارەکان و خالید جووتیار بەمنی گوت.

# خالید جووتیار و ئەدەب

جیا لە فۆلکلۆر خالید جووتیار یەکێک بوو لەو ئەدیبانەی خوێندنەوەی زۆر باش و ورد و شارەزایانەی هەبوو بۆ گشت ژانرەکانی ئەدەب، هەر لە ئەرشیفی خۆیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن ئەو پیاوە مەزنە بەردەوام لەسەر پێشهات و بابەتە ئەدەبییەکان دەنگی هەبووە و هاتۆتە وەڵام.





# خالید جووتیار مرد



**ئازاد سادق**

ئەو مانشێتەی سەرەوە ئەو کورتە نامەیە بوو، کە دەمەو بەیانێکی زوو لە خەوێکی شیرین خەبەری کردمەوە، پێم وابوو وەک جارانی تر کۆمپانیاکانی تەلەفۆن بۆ ریکلام ناردوویانە، بەڵام بەناوەختی نامەکە دەستم برد بۆ تەلەفۆنەکەو سەیرم کرد نووسراوە "خالید جووتیار مرد". سەیری ژمارەکەم کرد"حەمید بەدرخان" ناردبووی، هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشاو وەک شریتێکی خێرا خالید جووتیارو زامداریات و پیاسەی ئێوارانی هەولێر و پەیڤە جوانەکانی تری بە دوای یەکدا بە کۆڵانەکانی مێشکمدا گوزەریان کرد..

سەیرە من دەمێکە لە کورتە نامەو زەنگەکانی دەمەو بەیانیان دەترسم. قەدەر وای کردووە مژدەکانی بەیان وەک گزنگ و ئاسۆکانی جوانین و پێچەوانەی یەکترن.

ئەم بەیانییەش هەروا بوو، یەکێک لە هەواڵە هەرە تاساوەکانی هەولێرم بە کورتەنامەیەک بیست. ئەم بەیانییە نەمرێک بە جووتیاری دەمرێت و جووتیارێک بەنەمری دەمێنێتەوە...

ئەم بەیانییە قەدەر نەیهێشت جووتیارەکەی هەولێرم وەکو جاران لە خەوە قووڵەکانی پاش گەڕەلاوژەی شەوانی نووسەران خەبەری بێتەوە بۆ ئێوارەیەکی تر و پیاسەیەکی تری هەولێرەکەی. دەمێک بوو جووتیار حەزی لە پیاسەی ئێوارانی هەولێر بووە، وەلێ مخابن لە نیوەی ڕێگادا بەجێی هێشتین و پیاسەکەش بە ناتەواوی مایەوە..

هێمن. بێ دەنگ. تاسەر ئێسقان ئارام. سەد ئەوەندە ورد لە بیرکردنەوە. بەهرەمەند لە پەیڤە جوانەکان. زامداریاتەکەی ئەو بۆ زامدارێک کە ئاسان نییە تێی بگەی. هەندە وردن، مەگەر هەر جووتیارێکی ئەو شارە بە کوچەو کۆڵانەکانی هزرو بیری زامداردا پیاسەیەکی ئێوارانی کرد بێ.

زۆرجاران قەڵەم مێژوویێک دەشێوێنێ یا شتە جوانەکان ئاوەژوو دەکاتەوە. بەڵام قەڵەمەکەی تۆ مێژوویێک دروست دەکات، مێژوویێک ئێمەی هەولێری شانازی پێوە بکەین..قەلەمەکەی تۆ ئەوەندەی کەمتر نییە لە قەڵەمەکەی "ئەجاسا کریستی" کە زیاتر لە نیو سەدەیە تا ئێستاش لەسەر هەمان ئەو مێزە دانراوە، کە "شەمەندەفەری ڕۆژهەڵاتی" لەسەری نووسی لە ئەستەمبۆڵ لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکدا نووسراوە "لە ٢٠٠٩دا ماڵئاواییان کرد" ئەو مانشێتە بۆ بابەتێک نووسراوە، کە باس لە دیارترین ئەو کەسانە دەکات، کە لەساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دواییان کردووە، لە تەک ئەویشدا وێنەکانییان دانرابوو. گەلێک چاوم بە کونج و کەلەبەری وێنەکاندا گێڕاو لە گۆشەیەکی بچووکیش نە نەمرێک نەجووتیارێکی هەولێریم بەدی نەکرد.

بەڵام ئەوە بێ ئومێدی نەکردم، کاتێک کە لە پرسەکەیدا دانیشتم وێنەی خالید جووتیارم لە دڵی هەمووواندا بینی.






به یه‌که‌وه نانمان خوارد و تێر قسه‌ی خۆشمان کرد.

# خالید جووتیار و عه‌بدولره‌حمان کانه‌بی

عه‌بدولره‌حمان کانه‌بی که له چه‌ندین ساڵه له خالید جووتیار نزیکه‌و به‌ڵکو ناسینیان بۆ کۆتایی ساڵانی حه‌فتا ده‌گه‌ڕێته‌وه، ئه‌و له‌باره‌ی جووتیاره‌وه گوتی: من رێنیشانده‌ر و رێخۆشکه‌ر بوومه بۆ ئه‌وه‌ی جووتیار ساڵی ١٩٨٢ بچێ بۆ ریزی پێشمه‌رگایه‌تی، جگه له‌وه‌ی خالید پیاوێکی رووناکبیر و لێهاتوو و کراوه و فۆلکلۆرناس بوو، نازانم چۆن باسی رۆژانی رابردوو بکه‌م، خالید مای بوو به یه‌کجاری ماڵئاوایی بکا، ئه‌و خه‌ون و خولیای زۆری هه‌بوو، به تایبه‌تی گۆڤاری میتۆلۆژیا، جگه له‌وه ئه‌و رۆژه‌ی بۆ تاهه‌تایێ جێی هێشتین له ماڵی ئێمه

# خالید جووتیار و ناوه خوازراوه‌کانی

به‌و پێیه‌ی خالید جووتیار له‌ماوه‌ی کارکردنیدا وه‌ک که‌سێکی چالاک کاری کردووه، به تایبه‌تی له بواری کلتووری و فۆلکلۆر و ئه‌ده‌بی و رۆژنامه‌نووسیدا، هه‌ربۆیه جگه له‌وه‌ی به‌ناوی خالید جووتیار به‌رهه‌مه‌کانی بڵاو بکاته‌وه، به‌ناوی خواستراویش بابه‌تی بڵاوکردۆته‌وه، به‌هه‌ریه‌ک له ناوه‌کانی "شاورێ، لادێ، جووتیار، به‌یار، که‌نار، لاوک، فۆلکلۆرپه‌روه‌ر، هاموون"و به چه‌ندان ناوی دیکه به‌رهه‌می بڵاوکردۆته‌وه.





# زیرەک کەمال نوێنەری د.بەرهەم ساڵح

لە کۆتایی رۆژی پرسەکەدا، زیرەک کەمال راوێژکاری سیاسی د. بەرهەم ساڵح بە نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کردو پرسەو سەرەخۆشی سەرۆکی حکومەتی بە بنەماڵەکە راگەیاندو باسی لە خۆبوردەیی و لێهاتوویی و ئەو کەڵە نووسەرو رووناکبیرو فۆلکلۆر پەروەرە دەربڕی، کە د. بەرهەم دەیخواست لە نزیکەوە چاوی پێبکەوتبایە و بەڵکو بتوانرابایە، کە هەرچی لەدەستی بهاتبا هاوکاری و پشتیوانی بوو. مردنی کاکە خالید کەلێنێکی گەورەی لە نێو هاورێیانی و ئەدەبی کوردی و فۆلکلۆری کوردی، خستەوە، تەمەن درێژی بۆ بنەماڵەو جووتیاری کورِی.





# خالید جووتیارو مامۆستا بەکر

لــه دوا رۆژی پرســهكەی مامۆســتا بەكر لێپرســراوی مەڵبەندی "٣"ی رێکخســتنی (ی.ن.ک) لــه هەولێــر لــه وتەیەكیــدا له بەرامبــەر ئامادەبــووان ســەبارەت بــه كوردايەتــی و پێشــمەرگايەتی خاليــد جووتيــار گوتی: خالید جووتیار کوردێکی پاک و رۆڵەیەکی شۆڕشگێڕی ئەم نەتەوەیە بوو، خالید له رۆژانی سەختی كوردايەتيدا شاخی هەڵبژاردو لەبەرامبەر ویژدانیدا بۆ ئەوەی ئاســوودە بێ هەموو خۆشييەكانی شاری به قوربانی ئەو حەزو ئاواتانەی كه خۆی له سەربەخۆیی و مافی چارەنووس دەدۆزييەوە كــرد. خالیــد پياوێكی نەفس بــەرزو له كۆيه نزيكەی "٥" ســاڵ كارمان بەيەكەوە كــرد، هەرگیز رۆژێک له رۆژان "موخالەفەيەک، كارێكی نا ئاســایی، ..هتد" نەكــرد، بۆيه هەر لــه بنەماڵەكەی نەچوو، بەڵكو له ئێمەو له رووناكبيران و له هەموو گەلی كورد چوو..



# پرسەنامەی
# جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان

### بۆ بنەماڵەی خوالێخۆشبوو کاک (خالید جووتیار)

**سڵاوێکی گەرم**

زۆر بەداخەوە کۆچی دوایی کاک (خالید)مان بیست، بەم بۆنەیەوە پرسەو سەرەخۆشی لە خۆتان و کەسوکارتان دەکەین.. بەشداری غەمتانین.

لە خوای گەورە داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و سەبوری هەموو لایەکتان بدات.

انا لله و انا الیه راجعون

**براتان**
**کۆسرەت رەسوڵ عەلی**
**هەولێر - ٢٠٠٩/١٢/٢٥**





# پرسەنامەی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی حکومەت و ناوەندی راگەیاندنی یەکێتی بۆ بنەماڵەی خالید جوتیار

لەبروسکەیەکدا مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پرسەو سەرەخۆشی خۆی رادەگەیەنێت بەبۆنەی کۆچی دوایی خالید جوتیار، ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:

**کەسوکارو خانەوادەی نووسەرو ئەدیبی ناسراوی کورد کاکە خالید جوتیار**

بەداخ و بەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی مەرگی ناوادەو کۆچی دوایی کاکە خالیدمان بیست کەتەمەنی درێژی بۆ منداڵەکانی و بۆ کەلتووری فۆلکلۆری کوردی بەجێهێشت و گەیشتە کاروانی نەمرانی رووناکبیری میللەتەکەمان.

کاکە خالید تێکۆشەرێکی دێرینی ریزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەمیشە لەبەرەی خەباتی رزگاریخوازی و دیموکراتی گەلەکەیدابووە، جگەلەوەش لەبواری رووناکبیریدا چ وەکو شاعیرو ئەدیب و چ وەک فۆلکلۆرناسێک جێدەستی بەسەر نەخشەی فەرهەنگی وڵاتەکەمانەوە دیارە، چەندین دەستنووسی هەیرانی ساغکردۆتەوەو چەندین دەقی باشی نووسیوە کەبوونە مایەی دەوڵەمەندکردنی کەلتوورو زمانی کوردی.

کۆچی ناوادەی ئەم تێکۆشەرە خاوەن هەڵوێست و خاوەن بەهرەیە، خەسارەتێکە بۆ ئێمەو میللەتەکەمان، بەم بۆنەیەوە پرسەو سەرەخۆشی مەکتەبی سیاسی و سەرجەم هەڤاڵانی یەکێتی قبووڵ بفەرموون.

خوای گەورە سەبووری بەئێوەو ئێمەش بدات و خوالێخۆشبووش جێی بەهەشتی نەمری و ناویشی لەناخانی کەلتوورو فۆلکلۆرناسیدا وەک هەمیشە درەوشاوەبێت.

**مەکتەبی سیاسی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

---

**لەبروسکەیەدا د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لەبنەماڵەی نووسەرو ئەدیب خالید جوتیار دەکات بەبۆنەی کۆچی دواییەوە، ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:**

**کەسوکارو بنەماڵەی کاکە خالید جوتیاری نووسەرو ئەدیب و تێکۆشەر**

بەبۆنەی کۆچی دوایی کاکە خالید جوتیار ئەدیب و شاعیرو فۆلکلۆرناسی کوردەوە، پەژارەو دڵتەنگی خۆمتان پێڕادەگەیەنم.

بەداخەوە بۆ کۆچی لەناکاوی کاکە خالید جوتیار کەخزمەتێکی زۆری ئەدەب و فۆلکلۆرو بەتایبەتیش بواری هەیرانناسی کردووە کۆچی لەناکاوی رێی لەخزمەتی زیاتری ئەو تێکۆشەرە، ماندوونەناسەی گەلەکەمان گرت.

خوا سەبووریتان بداتەوەو لەغەمی زیاتر بەدوورتان بگرێت، جێی کاکە خالید جوتیاریش بەهەشتی بەرین بێت.

دووبارە سەرەخۆشیم قبووڵ بکەن.

**د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح**
**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

---

مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی ی.ن.ک هەواڵی کۆچی دوایی نووسەرو رووناکبیر خالید جوتیار رادەگەیەنێت و پرسەو سەرەخۆشی خۆشی بەم بۆنە خەمناکەوە بەکەسوکاری خوالێخۆشبوو دەگەیەنێت.

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە رایدەگەیەنین کەنیوەشەوی رابردوو نووسەرو رووناکبیرو تێکۆشەری گەلەکەمان خالید جوتیار لەتەمەنی پەنجاو شەش ساڵیدا لەشاری هەولێر دوا ماڵئاوایی لێکردین و کۆچی دوایی کرد.

کاکە خالید جوتیاری ئەمر هەموو تەمەنی لاوی و کاملی خۆی لەهەردوو سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێدا بۆ کوردایەتی و پێشمەرگایەتی و خزمەتکردنی بواری رووناکبیری و ئەدەبی و هونەری گەلەکەی تەرخانکردبوو.

جوتیاری تێکۆشەرو ئەدیب و هەیرانناس، لەژیانی سیاسی خۆیدا هەمیشە تێکۆشەرێکی سەرراست و دڵسۆزی رێبازەکەی بووە.

بەداخەوە ماوەیەکی زۆر بوو چەندین نەخۆشی رووبەڕووبووبوو ئەو تێکۆشەرە کەسەرەنجام دوێنێ شەو لەشاری هەولێر، ئەو هەولێرەی کەخوالێخۆشبوو ئاسەر ئێسقان خۆشی دەویست چاوی لێکنا و ماڵئاوایی لێکردین، لەخوای گەورە داواکارین، کەچۆن ناوو ناوبانگی کاکە خالید لەدڵ و دەروونی رووناکبیران و خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی هەولێر بەنەمری دەمێنێتەوە، داواکارین کەخوای گەورەش لەبەهەشتی خۆیدا نەمری کات.

**مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی ی.ن.ک**



# سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەی نووسەرو رووناکبیرو فۆلکلۆریست "خالید مەولوود ئەحمەد" ناسراو بە "خالید جووتیار"، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەو بەڕێزانەو دەزگا رووناکبیرییەکان دەکەین، کە بەشداری رێوڕەسم و بەخاک سپاردن و پرسەی خوالێخۆشبوویان کرد.
یا ئەو کەسانەش کە لە رێگەی ئیمێڵەوە پەژارەی خۆیان بۆ ئێمە دەربڕی.
لە خوای گەورە داواکارین سەبووری بەهەموو لایەک ببەخشێ و خالید جووتیاری رۆح زیندوو بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

**جەلال مەولود ئەحمەد**
**جووتیار خالید جووتیار**
**لەجیاتی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو**
**٢٠٠٩/١٢/٢٩**

---

# لەبەر ئەوەی جووتیاربوو، بۆیە (خالید) نەمریش بوو

**شێرزاد هەینی - ستۆکهۆلم**

ئەو وێنەیە لەگەڵ خالید جووتیار و عەبدولرەحمان فەرهادی لەپێش بارەگای لقی هەولێری یەکێتی نووسەران لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٩ گیراوە.
لە رووی لاپەرەی رۆژنامەکاندا بینیم کەوا شاعیرێکی ئەندام لە یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی هەولێر، کە خۆشم لە کۆنگرەکەی شەقلاوە بوومەتە ئەندامی ئەو یەکێتییە، لە ئاکامی وەرگەڕانی ئۆتومبێلەکەی کە تازە کڕیبووی گیانی لەدەستداوە. ئەو پیاوەو سەدان کەسی تر بەردەوام لە کارەساتەکانی خراپی بەکارهێنانی ئۆتومبێلەکان و شەقام و رێگاکان بەداخەوە دەمرن، کە هێشتا تەمەن و دڵ و هەناویان بواری پێداون چەند ساڵی تر بژین و سەردەمی تر ببین، ئەویش شیعری تری بنووسیبووایە.
من خۆم لەوێ بووم، کە ئەندامێکی ترمان رەوانەی چەند نەخۆشخانەی دەرەوەش کرا، بەڵام نەخۆشییەکەی بواری نەداو برینەکەی سەخت بوو، بۆیەش زۆری نەخایاند مردو ناوەکەو هەواڵی کۆچکردنەکەی بووە دوو لافیتەی رەش یەکیان لە پێش بارەگای لقەکەو دووەمیشیان بە دیوارە درێژ نیوچەوانە بەرزەکەی پیرە قەڵات هەڵواسرا.
شەوانە کە دادەنیشین زۆرجار باس لەو دەکەن، ئەگەر فلان مرد لە چلەکەی کێ وتار بخوێنێتەوەو کە وێنەیەک بەیەکەوە دەگرن باس لە چلە گرتنەکەی دەکەن، باس لە یادی ساڵوەرگەڕی مردنەکەی دەکەن، بەڵام کەس نازانێت کێ بۆ کێ لە چلەکەییدا وتاری لاواندنەوە دەخوێنێتەوە.
لە کارەساتە خوێناوییەکەی یەکی شوباتدا ئەندامی ئەو لقەی نووسەران بوونە قوربانی ئەو کارە تیرۆریستییە و





قەڵەمەکانیان بەخوێنەوە نێژران.
لە ئەنجامی تەنگەنەفسی و هەناسەسواری بەردەوامی یەکێکی تر لەو ڕۆژانە گیانی سپی فڕی و زوو کۆچی دوایی کردو زۆر بە هیواوە دەیوت من ئێستا زۆر باشم، ئاگاداری تەندروستی خۆمم.
لەگەڵ بەفربارانی سەرەساڵدا لە ئەنجامی وەستانی هەردوو گورچیلەیدا ئەندامێکی خوێنشیرینی تر کۆچی کرد، کە بەپێکەنینەوە دەیوت نازانم ئەو نەخۆشییە لە کێندەرێ بۆ من هات، من کە سەردانی بەشەکەی ئەو نەخۆشییە دەکەم لە نەخۆشخانەکەی هەولێر لە تەنیشتم یەکێک دەمرێت، مردن لە ناو ئەو نەخۆشانەدا زۆرە.
پێش ڕاپەڕین دانیشتنیکمان بۆ ئەندامێکی ترمان کرد وتیان نەخۆشەو دەمرێت، بەڵام خۆشبەختانە نەمردو زۆریش خۆش و باش و پڕ بەرهەم و مەجلیس ئاوەدان وەک چرا و شاخ و کانی ژیاو هێشتا مردن دەرەقەتی نەهاتووە.
مردن نزیکەو هەموومان دەبات و زۆر دوورمان دەبات، زۆر دوورە و گەڕانەوەی نییە، لەو مردنەدا ماڵەکەی خۆت نابینیتەوە، شەوانە دانیشتنەکانت ناکەیتەوە، نووسینەکانت دەخوێندرێنەوەو نانووسرێنەوە. هەیە دەڵێ من سێکسم نەماوە مردوو حیسابم، هەیە دەمرێت کە لە هەڵبژاردن دەرناچێت، هەیە مردووە کە ناوێرێت یەک قسە بکات، هەیە دەمرێت کە حزبەکەی دەگۆڕێت و کەسێک درۆ زۆر دەکات مردوو حیسابە، جگەرە زۆر دەکێشێت و شەوانە زۆر مەست دەبێت و نازانێ بچێتەوە ماڵەکەی. ئەوانە مردوون کە لە دەرەوە دەژین و بەردەوامیش بە فیکرو بە سەفەر لە هەولێرن، ئەوانەش مردوون کە نازانن بڵێن بەرهەمی نووسینی فلانە کەسم خوێندیتەوەو زۆر جوانی نووسیبوو. هەیە دەمرێت ئەگەر یەک دێر ڕەخنەی لێگیرا. ترسنۆکەکان مردوون، برسییەکان ماستاوچییەکان چاوحیزەکان، مشەخۆرەکان مردوون. بەڵام ڕۆحی پەپوولەی سپی و بێگەردو ماندووی نووسەران نامرن، چونکە نووسینی نەمریان لەپاشمەرگ جێهێشتووە.



# قەڵەمێک سپیتر لە قەڵا . هەڵکشاوتر لە قەرەچووغ

**عەبدولواحید ئیدریس شەریف**

بەر لەوەی بەچەند وشەیەک ڕێز لەو قەڵەمە ئازاو سەرکەشە بنێم کە مەرگی ناوادەی هەمووماںی تاساند، ئەو قەڵەمە پێشمەرگەیەی زەبرو ستەمی ڕۆژگار بۆ ساتێکیش نەیبەزاند، ئەو شاسواری زۆر خەواڵوی لەخەو ڕاپەڕاند .

ڕەخنەیەک هەیە دەڵێت ئێمەی کورد (زیندوو کوژی مردوو پەرستین) ئەو ڕەخنەیە تا ڕادەیەک ڕەوایە، بەڵام ئەدی ئەو کاتەی زیندووەکانمان لە لوتکەی هەڵوێستەوە خلۆردەبنەوە بۆ ناو خەرەندی بەزین و دووڕوویی و دوژمن دۆستی، نەتاندیوە و نەتان بیستووە، شاعیرو نووسەرەکان چەندە پەشیمانن لە وشەکانی دوێنێیان کە بۆ ئەو زیندوانەیان وتووە !

خالید جووتیار ئەو قەڵەمەی هەڵگری پەیامێک بوو پڕ بوو لە عیشق و ئەوینی پاک، قەڵەمێک بوو تەژی لە لاوک و حەیران بۆ بەژنی زراڤ و شۆڕە سواری کوردان، ئەو قەڵەمەی بێباک لە قەڵەمە ڕموزن و زۆڵەکانی کەری ناوجۆگا، لە تەمتومانی ژێر دەستی و دیلیدا بە دوای هەناسەی ئازادیدا دەگەڕا، ئەو عاشقی کانی و چیاو دوندان بوو، بێ ئەوەی پەنجە مۆرێ بۆ کەس بکات جگە لە نیشتمان، ئەو هەمیشە سەوداسەری هەوارێ بوو پڕ بە دەنگی لاوکێ بێژێ بۆ کوردستان .

ئەو قەڵەمە دەروون پڕ لە زامەی بێ ماڵ ئاوا بەجێی هێشتین، بەڵام هەرگیز ون نابێ لە چاومان، چۆن ون دەبێ، ئەوە نییە خەرمانێک لە گوڵزاری داهێنانە جوانەکانی بۆ بەجێ هێشتووین، لە لاوکێدا فێری چۆک دانەدان و نەگلانمان دەکات، لە حەیرانێک دا ئاشنای ئەوینی دڵدارە بەمراد نەگەیشتووەکانمان دەکات.

ئەو ڕۆژانەی لە نزیکەوە بە جیهانی خالید جووتیار بەلەد بووم و زیاتر لە ناخی گەیشتم، ئەو ڕۆژانە بوون کە دەواری غەریبیمان لە سێبەری هەیبەت سوڵتان هەڵدا،ئەوڕۆژانەلەکوانووی‌شیعروئەدەبی حاجی قادر پشکۆکان کزکز دەسوتان، ئەو دەستەی ژیلەمۆکانی گەشاندەوە، خالید جووتیار بوو لە شەوەزەنگی نائومێدی و نەهامەتیدا، چرای (هاموون)ی لەناو دڵماندا داگیرساند، بەڵێ ئەو ڕۆژانەی ئەو (هاموون)ی کردە سەکۆیەکی ئازاد و وتی: بنووسن بێ سانسۆر هەرچی لە دڵتان دایە، هەرچی لە هزرو ناختان دایە، ئەو کات دەرکردنی ڕۆژنامە شەونخوونی دەویست، هێشتا ڕۆژنامەو گۆڤار بە پەنجەی دەست دەژمێردران، هێشتا وشە پیرۆزیی خۆی لەدەست نەدابوو، هێشتا نەببوو بە گەڕەلاوژە، چەندان قەڵەم بارگەی خۆیان لە (هاموون) خست، بەڵام لاوک و حەیرانەکانی جووتیار (هاموون)ی خۆشەویستر کردبوو، لە پەنجا ژمارەی (هاموون) زۆری نووسی بۆ غەریبی و بۆ پێشمەرگە جوامێر و ئازاکان و بۆ هەولێر وەک (هەولێر سەر بەتەمە، پێڵاوەکانی شەهید سۆرانی مەسیحی، گوڵە شەهید، لاوکی هەولێری، بۆ خۆم لێرانە دڵم لە هەولێرێ . هتد) جوانییەکانی خالید جووتیار زۆر زۆر لەوە جوانتر و نەمرترن، ئێمە لە لەتە ئاوێنەیەکی شکاو نیشانی ئێوەی بدەین، لە کۆتاییدا نەمری بۆ گیانی پاکی خالید جووتیار.



# چەند قسەیەک بۆ خاری نازدارم



**هاوژین عەبدولرەحمان کانەبی**

زۆر لام سەختە باسی یادگاری بکەم لەگەڵ خارم، چونکە یادگاری نەبوو لە نێوانمان هەمووی ئێستاو داهاتوودا. هەرچی باس بکەم و بیگێڕمەوە زۆر ئازارم دەدات، چونکە واهەست دەکەم لە رابردووە، چونکە خارم بەنسبەت من، هاورێ، رابەر، مەنزڵگا، هەموو شتێک بوو.

هەمیشە بە دیارییەوە دادەنیشتم و چاوم لێی دەکرد، هەمیشە حەزم دەکرد وەک ئەو بم، وەک ئەو بدوێم، وەک ئەو بێ دەنگدانیشم، وەک ئەو لە کاتی نووسین لەسەر زگ رابکشێم، وەک ئەو حەزم دەکرد لە خواردێ رەشوێڵەو پەلکە کودی ناو یاپراخی: وەک ئەو حەزم دەکرد لە تەرەپیازی ناو دۆغەوای. هەمیشە بەنهێنی چاودێریم دەکرد.بە بەهانەی سەرشێلان و پێ شێلان خۆم لێی نزیک دەخستەوە، هەردەم حەزم دەکرد خێرا خێرا شت بنووسم و پیشانی دەم. هەر لەبەر خۆشەویستی خارم بوو خۆم بە نووسین ئاشناکرد، هەمیشە دەچوومە لای کتێبەکانی، دەستنووسەکانیم دەخوێندەوە، زۆرم حەزدەکرد سەیری ئەو کتێبانەشی بکەم کە پێشکەشی دەکرا، هەندێکیان نووسرابوون بۆ خالیدی فۆلکلۆریست، هەندێ بۆ جووتیاری شاعیر، هەندێ بۆ حەیراننووس و لاوک دۆست هەندێ. سەدان شتی جوانیان بۆ دەنووسی.

لەیادمە،پۆلی دووی ناوەندی بووم، تازە وردە وردە دەستم دابووە شیعر نووسین، شتی سادەو ساکارم دەنووسی و هێشتا پیشانی خارم نەدابوو. زۆر شەرمم لێی دەکرد، هەموویم لە دەفتەرێک نووسی بوو. هەر کاتێ خارم دەهاتە ماڵمان دەمشاردەوە. شەوێکیان خالۆژنم و لادێ دەفتەرەکەمیان هێناو پیشانی خارمیاندا زۆر تەریق بوومەوە، چونکە نەمزانی بووە شامپۆی بەسەردا رژابوو لایەکی دەفتەرەکەمی شێواندبوو، نووسینەکان تێکەڵ ببوون، خاریشم هەر شیعرێکی لە دەفتەرەکەم دەخوێندەوە کاتێ دەگەیشتە ئەو شوێنەی کە شامپۆی پێدارژابوو دەیووت: هەناسە سوورەکانمان تێکەڵ کرد "شامپۆ" ئاواتێکی خەزانیم هەیە "شامپۆ". لەدووری چنینەوەی رەزی "شامپۆ" ئەوەبوو ئەو شەوە زۆر پێکەنین لەو کاتەوە هانی دەدام شت بنووسم و بەردەوام بم. دەشیزانی زۆری شەرم لێدەکەم و زۆریشم خۆشدەوێ. کاتێ کتێبیشی دەردەکرد، دەیوت: "ئەو نوسخەیەش بۆ شەمام هەولێری" کە مەبەستی من بوو. هەمووکات پێی دەوتم: "تا شوێن پێت نەکەیتەوە، هەرگیز هەنگاو مەهاوێ، دنیای نووسین دارستانێکی زۆر چڕە هەردەم پڕ چەک بە".

وەی چەند غەریبیت دەکەم خارە خالید گیان، هەزار سڵاو لە مەزارت، هەزار سڵاولە لاوک و حەیران. هەزار هەزار رەحمەتت لێ بێ خاری بەرەحم و نەرم و نیان. خۆشەویستی خوارزاو خزم و دۆستان.



# خالید جووتیار .. نووسەرو فۆلکۆریست و رووناکبیر

**جەلال سنجاوی**

**مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە**
**ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە**

لە گوندی خامۆش و بچووکی "کەندارەقەل"ی باشووری دیبەگە لە ساڵی ١٩٥٣ خالید جووتیاری چاوگەشی گەنم رەنگ و رۆح پاک و دڵ پڕ ئەڤین و بەرائەت لە خێزانێکی جووتیاری رەنجدەر لە دایکبوو، بەم جۆرە خۆشی و کامەرانی باڵی کێشایەوە بەسەر ژیانی ئاسایی ئەم خێزانەو بزەی خستەوە سەر لێوانی "گوڵێ خان"ی دایکی، چونکە دایکی خاوەنی سێ کچ بوو "زولێخا، زارا، نەجیبە"، خالید جووتیاریش یەکەم کوڕی ئامێزی دایکی بوو، بەشیری پاکی پەروەردە کرابوو.

خالید جووتیار مەولوود ئەحمەد مستەفا شاوری، باوکی لە نێو کۆڕو مەجلیسی عەشایەری بە "مەلا تاهیری کەندارەقەلی" ناسراوە، کە لە عەشیرەتی "بامەند"ە و باڵێکی سەرەکی عەشیرەتی "مامە سێنی"یە.

داکیشی "گوڵێ خانی حەمەد مەحموودی سنجاوی"یە، کە خەڵکی گوندی "عاڵڵا"ی







کەندێناوەیە.
خالید جووتیاری مرۆڤ و دڵناسک سەرەتای ژیانی لەم گوندە بچووکەی بێ قوتابخانەو نەخۆشخانەو کارەباو. هتد، دەست پێدەکات و بە پەیژەی رۆژگاری تاڵ و شیرین هەڵدەگەڕێ و ژیانێکی مەردانەی پڕ لە هەڵوێست و راستی و شکۆدار بەرامبەر بە کاروباری وڵات و نەتەوەکەی و دۆست و برادەرانی لە ناو دڵە گەورەکەی بنیات دەنێ و تا رۆژی ماڵئاوایی ناوادەی لەسەر هەمان شێوازو هەڵوێستی مەردانەی بەردەوامبوو، بۆیە ناو و بەرهەمەکانی هەر بە نەمری دەمێنێتەوە.
پاش ئەوەی باوکی خوێندنی فەقێیاتی تەواو دەکات و ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی مامۆستا "مەلا ساڵحی کۆزە پانکەیی" وەردەگرێت بە مەلا لە گوندی "قازیخانە"ی قوشتەپە دادەمەزرێ، لە ساڵی ١٩٥٦ ماڵی بار دەکات لە گوندی کەندارەقەل بۆ قازیخانە، ئەو کات خالید جووتیار تەمەنی سێ ساڵ و چوارمانگ و دە رۆژ بوو.
لەبەر ئەوەی گوندی قازیخانە زۆریان سەر بە رێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراقی بوون، بۆیە بەردەوام گیروگرفتی نێوان جووتیار و ئاغای هەبوو، لە بیرمە شەوانە لەسەر جۆخینی گوندی خۆپیشاندان و هوتافاتی یاخی بووان لە ئاغا دەستی پێدەکرد، ئێمەی منداڵیش بەشداریمان دەکرد بە تایبەتی لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ گەورەو بچووکی گوندەکەمان دەیانگوت.

**بــــژی گــەل رۆڵـــەی گــەل**
**مام رەحمان و شێخە شەل**

لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠ ژیانی منداڵی خالید جووتیار لە کەرکووک لە گەڕەکی "رەحیماوا" دەست پێدەکات، پاش ئەوەی "مەلا تاهیر"ی باوکی داخیلی دەورەی مەلا موعەلیمەکان دەبێت و لە قوتابخانەی "دواناوەندی موسەلا" دەست بە خوێندن و تاقیکردنەوە دەکات لە ئەنجام سەرکەوتوو دەبێت و بە مامۆستای سەرەتایی لە گوندی "چەغەمیرە" دادەمەزرێ لە رێکەوتی ١٩٦٠/١٢/٨ دەرگای قوتابخانەکە دەکاتەوە، کە "فتح جدید" بوو خالید جووتیار لەم رێکەوتە لە



پۆلی یەکەمی سەرەتایی خوێندنی دەست پێکرد، پاش مانەوەی کەمتر لە ساڵێک بە پێی نووسراوی پەروەردەی هەولێر ژمارە "١٣٢١٩" لە ١٩٦٠/٩/٢٠ باوکی گوازرایەوە بۆ قوتابخانەی گوندی لهێبان، ئەو کات خالید جووتیار تەمەنی هەشت ساڵان بوو لە پۆلی دووەمی سەرەتایی تاکۆتایی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە گوندی لهێبان خوێندویەتی پاشان بە پێی نووسراوی پەروەردەی هەولێر ژمارە "١٧١٧٧" لە ١٩٦٦/١٠/٢١ باوکی گواسترایەوە گوندی "دۆڵەسزە"ی قوشتەپەو ماڵ و منداڵیشی بۆ خانووەکی گەڕەکی سەیداوەی نزیک مزگەوتی "حاجی بەکر زێڕینگر".

سەرجەم ژیانی "خالید جووتیار" لە گوندی لهێبان بریتیی بوو لە خوێندن و گەشتوگوزار لەگەڵ برادەرەکانی "رەشید عومەر، جەعفەر ئەحمەد، عەبدوڵڵا ئەحمەد، عەبدولخالق دەروێش ساڵح، ئیبراهیم مەلا سەعید، لەتیف حەسەن، سابیر حەمەد رەسول ناسراوە بە سابیری دەروێش کۆرە...هتد" لە گوندی لهێبان "تەکییەی



دەروێشان" هەبوو، هەموو شەوانی هەینی دایەرەی دەروێشان بە تەپڵ و دەف لێدان گەرم دەبوو، ئەوە تەکییەی خەلیفە حەسەنی لهێبان بوو، خالید جووتیار و برادەرانی هەموو شەوانی زیکر ئامادە دەبوون، حاڵیان دەگرت و جارجاریش دەگریان، ئەم ئامادە بوونە تا رۆژی مردنێ لە دڵ و دەروونی "خالید جووتیار" دەرنەچوو، بۆیە لە کتێبی "حەیران و مەرگی غەریبان" باسی گریان و حەیرانی دەروێشانی تەکییەی خەلیفە حەسەن دەکات.

خالید جووتیار خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندی ئیسکان تەواوکردووەو برادەرە خۆشەویستەکانی لەم قۆناغەدا:

"شەهید شاخەوان عەباس، سەعدی ئەحمەد پیرە، مەجید تەها، کەمال مستەفا هەمزە، پیرداود مەخمووری، عەبدولرەزاق قادر تیماری، سابیر تەها سنجاوی، عەبدوڵڵا رەجەب سنجاوی، رۆستەم عەبدورەحمان شێروانی، کەنعان رەشاد موفتی، پارێزەر تاریق جامبازو.......هتد".

لە ساڵی ١٩٧٣ خوێندنی شەشەمی ئامادەیی تەواو دەکات و لە بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد وەردەگیرێ، لە مانگی ئازاری ١٩٧٤ مەردانە چەکی شەرەف هەڵدەگرێ و خوێندنی زانکۆ بەجێ دەهێڵێ و لە قوتابخانەی کوردایەتی لە شاخەکانی کوردستان دژ بە رژێمی بەعسی رووخاو سەنگەر دەگرێ.

لە ساڵی ١٩٧٦-١٩٧٧ بڕوانامەی بکالۆریۆس لە زمانی کوردی وەرگرێ و بە فەرمانبەر لە بانکی رافیدەین لە هەولێر دادەمەزرێ.

ساڵی ١٩٧٩ ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێ و سێ کچ و دوو کوڕی هەیە بە ناوی "جووتیار، بەیار، لادێ، لێوان، کەنار".

زیاتر لە "١٣" کتێب و نامیلکەی بە چاپ گەیاندووە.



# خالید جووتیار یادت بەخێر

پیرداود مەخمووری





نووسین و قسەکردن پاش مردن ئەو تام و لەززەتەی نییە وەکو ئەوەی کە مرۆ خۆی لە ژیاندا مابێ و شتی بۆ بنووسرێ، چونکە لەوانەیە هەندێ زیادو کەمی تێبکەوێ، وەک ئەوەی هەموو جارێ خالید خۆی دەیگوت: ئەو قورە تێکدان و شێلانی زۆری دەوێ، لەسەر هەمان پەندەی (ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێ) مەرگی ناوادەی جووتیار جگە لەوەی هەموومانی لە ناخەوە هەژاند، ئەمەش سوننەتێکی ژیانە، هەر لەبەر ئەوەی دوای مەرگی ئازیزان هەندێ جار خەڵک پەنا دەبەنە بەر یادەوەری لاپەڕە کۆنەکان هەڵدرێنەوە، ئەوەندەی من لە نزیکەوە ئەو پیاوەم ناسیبێ، لەوە پتر هەڵدەگرێ بەچەند دێڕێک شینی بۆ بگێڕم. ئەو قسانەی لێرە دەیاننووسم زەمانیان بەسەر نەچووە، ئێستا کاتی کردنیتیان، بۆ ئەوە دەیاننووسم تاکو جووتیار لە گۆڕەکەی گلەییم لێ نەکات.

هەولێر لەساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو وەکو ئێستا نەبوو، کە ناوی گەڕەکە دیارەکانی ئەوێ رۆژێی هەولێرت دەژمارد، سەیداوە یەکەم ناوی سەرزاران و سەر تۆپی گەڕەکەکان بوو، هەنووکەش نازانم چۆن گەیشتمە سەیداوەو لەوێ لە ناوەندی ئیسکان بخوێنم، ئەلعانیش بۆم ساغ نەبۆوە ئەو ناوەندییە بۆ لە سەیداوەیەو ناوبراوە ئیسکان، چونکە بەپێی ناوەکە دەبوایە لە گەڕەکی ئیسکان بووایە، ئەو گەڕەکەی لەگەڵ سەیداوە شەقامێکی تەنگ لێکی دەکردنەوە.

رێک لەساڵی ١٩٦٧ چوومە خوێندن لەو ناوەندییەو لە پۆلی دووەمی ناوەندی هۆبەی (د) دەستم پێکرد، یەکەم رۆژی دەوام لە پۆلەکەم لە تەنیشت مێردمنداڵێکی باریکەلەی سپی دانیشتم، ئەو کوڕە بووە دۆستم و کە زانی خەڵکی لای مەخموورم هەندەی دیکە دۆستایەتی زیاتر بوو، هەردووکمان وەکو دوو منداڵە کرمانجی دەشتی قەراج و کەندێناوە ناوی مەخموور پێکەوەی بەستینەوە، ئەوەندەی نەبرد لێکدی گەیشتین و نهێنییەکانی یەکترمان زانی.

دوو منداڵی دەشتەکی، بەڵام ئەو بەر لە من هاتبووە شاری، هەندۆکەک لە من شارەزاتر بوو، لە پۆلیش لەسەر یەک رەحلە دادەنیشتین، ئەو دەمی قوتابی بەجلی کوردی خۆی دەوامی دەکرد، مامۆستا شێخ بورهان یادی بەخێر دەرسی ئینگلیزی پێدەداین، من و خالیدی زۆر خۆشدەویست، لەبەر دوو شت، یەکەمیان لەبەر جلو بەرگەکانمان، کە جلی کوردی تەواومان لەبەردابوو، دووەمیش هەردووکمان لە ئینگلیزی زیرەک بووین، دوای دەوامی قوتابخانەش هەربەیەکەوە بووین، بەبێ یەکدی هەڵمان نەدەکرد، تەنانەت خالید برایەکی خۆشی لەوێ بوو، ئێستا نووسەرێکی باش و مامۆستای جوگرافیایە، بەڵام زۆربەی کاتەکان پێکەوە دەگەڕاین، زۆرجاریش بۆ دەورکردنەوەش پێکەوە بووین.

خالید ماڵیان هەر لە گەڕەکی سەیداوە بوو، بەر لەمن دەگەیشتە قوتابخانە، ئەگەر رۆژێک درەنگ هاتبام بۆ خوێندن ئەو پەرێشان دەبوو، دەیگوت هەبێ و نەبێ لە ترسی هەیاسە شێت نەهاتووە، ئێمە ماڵمان لە کوران بوو، لە کوران تاکو سەیداوە بە پێ رۆیشتن پتر لە نیو سەعاتی دەخایاند، من و چەند قوتابییەکی دیکە لە کورانرا دەهاتین، دوو رێگا هەبوو بۆ هاتن و چوونمان، یەکەمیان بە نزیک کارگەی بەفری چەلەبی، ئەو رێگایە زۆر زەحمەت بوو لەبەر هەیاسە شێتی، کەس نەیدەوێرا بەوێدا رەت بێتەوە، ناچار دەبووین رێگامان بگۆڕیبووایە، لە کورانرا دەچووینە خانووەکانی محەتە کە چەند کارمەندێکی هێڵی شەمەندەفەر لەوێ بوون، ئەو رێگایە هەرچەندە دووری دەخستینەوە، بەڵام ئەمینتر بوو، لەگەڵ دەستپێکردنی دروستکردنی شەقامی شەست مەتری، ئێمەش رێگامان گۆڕی و راستەرێ بەوێدا دەهاتین و دەگەڕاینەوە، ئەو رێگایەش ئاوەدانی زۆر کەم لێ بوو، جگە لە یاریگاو ماڵی چەلەبی ئاوەدانیمان نەدەکەوتەرێ.

دەوام لەناوەندی ئیسکان لەگەڵ (خانەی مامۆستایان) بوو لەیەک بینایەدا بوو، سێ رۆژ بەسێ رۆژ بوو، ئێواران پیاسەیەکی بازاڕمان دەکرد، من و خالید دۆستی سینەما نەبووین، یان لەبەر ئەوەی نەداربووین و پارەی کڕینی تیکتی سینەمامان نەبوو، یاخود زۆر هەوەسمان بەسینەما نەدەهات، بەڵام وابزانم ئەوەی یەکەمیان بوو.

ئێواران، ئەگەر لە بازاڕ بووینایە، بەزۆری



له دەوری قەڵات دەسووڕاینەوەو بەشێکی زۆریش لەپێش وێنەگری و چاپخانەکەی مام گیوی ڕەوان شاد رادەوەستاین، بەرگی کتێبەکانمان دەخوێندەوە، نازانم چۆن بوو ڕۆژێک هەردووکان بیرمان لەوە کردەوە، کە ئەو پارەیەی لە جادەکان خەرجمان دەکرد، باشترە بە کتێبی بدەین و بەشەریکی بیخوێنینەوە، دیارە من کتێبی فڕی فڕی قەل فڕیم کڕی و خالیدیش ئەمیر ئەرسەلانی کڕی، مام گیو سەبارەت بە کڕینی کتێب لێی پرسین، گوتمان حەز بەخوێندەنەوە دەکەین، ئەویش بەدیاری کتێبی (مەلا مەشهوری) داینێ و گوتی: ئەوەش دیاری مامتان، پاشان بووینە دۆستی و هەمووجارێ دەچووینە لای، بەڵام ئەو پیربوو ئەوەندە سەلیقەی نەمابوو.

لەوێ ڕۆژێوە مەیلمان کەوتە سەر کتێب و هەر ئەوکاتی سەردانی کتێبخانەی گشتی هەولێرمان کرد، کە لەتەنیشت چاپخانەی بایزی بوو، ئەویش سوودی بۆمان زۆربوو.

خالیدماڵیان لە سەیداوە بوو، بەپێش هۆڵی گەل دەهاتە گردی قالیخانچەی، منیش لە کورانرا دەهاتم، لەوێ یەکدیگر دەبووین، ئەو ناوچەیە ئێستا بەشێکی کراوە بە مۆزەخانە چۆل بوو، جگە لە ئاوی کەسک و سۆر هیچ شتێکی دیکەو ئاوەدانی نەبوو، ئاوی کەسک و سۆر، کە ئێستا گۆرەپانی بەر دەرگای هۆڵی میدیایە، خەڵک بۆ جوانی و خۆشی دەهاتنە وێ، بەحوکمی ئەوەی هەردووکمان خەڵکی دەشت بووین و لە گوندەکان شایەر زۆربوون، ئەوەندی هەمانبوو ئەو شیعرە میللی و فۆلکلۆریانە بوون، کە بۆ یەکدیمان دووبارە دەکردەوە.

جارێکیان دانی ئێوارەی ڕۆژی هەینی هاتینە بازاڕو نمرەی کۆتایی ساڵمان وەرگرتبۆوەو مەکتەب تەعتیل بوو، بڕیارماندا کە پێکەوە وێنەیەک وەرگرین، چووینە شەقامی باتە، لەو جادەیە وێنەگری کەرکووک هەبوو، بەهەردووکمان (٥٠) فلسمان هەبوو، وێنەیەکی بەدوو نوسخە بەو پەنجا فلسە وەرگرتین، ئەو ڕۆژەش کە لەپشتەوەی وێنەکەدا نووسراوە ٣/ ٧/ ١٩٦٧ بوو، ئەم وێنەیە دوای چل و سێ ساڵ بۆ یەکەمجار بڵاودەکرێتەوە.

ساڵی پاشترێ لێکدی دابڕاین، من گەڕامەوە مەخموور بۆ خوێندن، ئەو هەر لەوێ مایەوە، ڕۆژێکیان لە ئیدارەی دواناوەندی مەخموور بانگیان کردم و نامەیەکی مۆرکراوی پولداریان دامێ، سەیرم کرد لەو برادەرە خۆشەویستەمەوە هاتبوو، ئەو دەمە نامە بە پوولی پۆستە دەگواستراوە، ئەو ڕۆژە بەهیچ جۆرێک وەسف ناکرێ، خەریک بوو باڵ بگرم، هەر چۆنێک بوو ئیزنم لە بابم خواست و هاتمە هەولێرو سەردانی دۆستی خۆشەویستم کرد.

ساڵی ١٩٧٢- ١٩٧٣ من لە پەیمانگای مامۆستایان وەرگیراوم و خالیدیش لە کۆلێژی ئادابی بەغدا بەشی کوردی وەرگیرا، لە بەغدا خالید پەیوەندی لەگەڵ کاک بەهادین جەلال پەیدا دەکات و پرسیاری منی لێ دەکات، دووبارە دۆستایەتیمان پەیداکردەوە، لەساڵی ١٩٧٣ یەکەم شیعرم لە هەفتەنامەی (بیری نوێ) بڵاوکردەوە بەناوی پیرداود بندیان، خالید زۆری هەوەس پێ هاتبوو، پاش من ئەویش شتێکی بەناوی (خالید جووتیار) بڵاوکردەوە، ئەوجارە لە هەموو جارەکان زیاتر دۆستایەتیمان بەتینتربوو.

بۆ مێژوو دەیڵێم هیچ گرنگ و هەولێری گوتەنی (حونەر) نییە کەسێک لەگەڵ چاو هەڵێنانی و فرچکی بەکتێب گرتبێ، ببێتە شاعیر یان چیرۆکنووس یان خوێندەوارێکی باش، گرنگ و (حونەر) لەوەدایە لە هیچەوە خۆی پێبگەیەنێ، (حونەر) ئەوەیە کە خالید جووتیار کردی، نەمامۆستایی حەرفێکی فێرکرد، نەکەسێکی شارەزا پەلی گرت و نەئەدیبێکی گەورە ڕێنیشاندەری بوو، هەتاکو هەستی کرد کتێبێکی شیعری نەخوێندبۆوە، ئەو کەڵەنووسەرەی لێ دەرچوو، ئەوجا لە چ بوارێک کە هەموو کەس خۆی لەبەر نەگرت و کەم کەس دەیوێرا لەو مەیدانەدا کاربکات، ئاخیر کارکردن و نووسین و لێکۆڵینەوە لە فۆلکلۆر پیاوی دەوێ خۆی لێ بدات، قسەم زۆرە بەڵام ئەوەیان بۆ دەرفەتێکی دیکە لێ دەگەڕێم، هەر ئەوەندە دەڵێم جووتیار یات بەخێرو قەبرەکەت پڕ نوور بێ و، تەمەنی درێژیش بۆ جووتیاری گچکە.



# دوادیداری جووتیارو قەڵەم

**عەبدولڕەحمان مەعروف**

هەمیشە دوای مەرگی ئازیزو نووسەرو پیاوێکی گەورە یان گەورەکراو دنیایەک نووسین و بابەت و وتارو نووسین خۆیان رەپێش دەکەن، یان زەرووڕەت سەریان پێ قوت دەکاتەوە. ئەمەش رێک لە مەرگی خالید جووتیاری نووسەرو لێکۆڵیارو رۆژنامەنووس و شاعیرو گەورەپیاو خۆی سەپاند. بەڵام خۆزگە وەک ئەوە هەمووجارو هەموومان زۆر دووپاتی دەکەینەوە، بریا بەر لەمەرگی ئەو هەموو رێزوشکۆیەی بە چاوی خۆی بدیبایەو لە حزووری خۆی چەمکێک، چەپکێک رێزیان بۆ دەخستە سەرمێزەکەی و یا بەبەرۆکییەوە هەڵدەواسی، بەراستی جووتیار ئەو کەسایەتییە بوو، دەبوایە بەر لە مەرگی فرمێسکی خۆشی و ئاسوودەیی لە چاوەکانی بزابوونایە، جووتیار بە قەڵەم



و بەقسەو بەکردەوەکانی لە کێڵگەی پڕ پیت و پڕهاتی خەون و خولیاو خەمەکانی نەتەوەکەی جووتی دەکردو وەردو شۆی دەبڕی. ناکرێ پیاو لە ئاستی ئەو هەموو خزمەت و کارە مەزن و پانتاییە فراوانەی قەڵەمەکەی ئەو سەرسام نەبێت و سەری شکۆمەندی بۆ دانەخات!! ئەو سێزدە کتێبی لە بواری جیاجیاو بە تایبەتیش لە بواری فۆلکلۆرو حەکایەت و ئەفسانەی کوردی لە دوای خۆی جێهێشت، تەمەنی خۆی بەخشییە نووسین و کتێب و قەڵەمەکەی، تەنگەنەفەسی و دەردە دڵ و شەکرە و هەموو نەخۆشییەکانی دیکەی لە خەمی نووسین و کتێب و گەردەلوولی پەیڤ و وێڵی و سەرگەردانی و بەدواداگەڕانی کلتوورو فۆلکلۆرەوە سەرچاوەی دەگرت. خۆ ئەو کە لە هەشتاکان دووجار رووی کردۆتە شاخ و هەموو خۆشی و لەزەت و نان و نوێنی گەرمی بە سەرما و سۆڵ و نانەڕەق گۆڕییەوە، بەڵام شار سەرفیرازی و ئازادی و دەنگ هەڵبڕینی لێ نەبوو. گوندیش راوەدوونان و کۆت و بەندو ترسی و دڵەڕاوکێ! پیاوێک بوو زۆر نەفس بەرزو، کوڕی رۆژی لێقەومان و خاوەن وادەو بەڵێنی خۆی بوو، کەسێکی کەمدوو بوو، وەڵێ بە نووسین و وشە قەرەبووی هەمووی کردبۆوە، بۆ خۆی دەریایەک بوو لە نووسین و لێکۆڵینەوەو وەشاندنی پەیڤ.

دواجاریش هەر چەند کاتژمێرێک بەر لە مەرگی ناوادەی، بۆ کار و پرۆژەکەی خۆم گوتم کاک خالید جەنابت لە چەند دەزگا و شوێنی راگەیاندندا کارت کردووە، ئەگەر بۆمی بنووسی؟ هەروا لەسەر پارچە کاغەزێکی چکۆلە، هەندێک لەو شوێنانەی بۆ نووسیم و گوتی: ئەوەندە بەسە...

پێم وابێت ئەمەش دوا بەیەکگەیشتنی ئەو بێت لەگەڵ قەڵەم و کاغەز!!



# خالید جووتیار دوا پیاسە بەناو هەولێردا دەکات



**یوسف مەنتک - ئەڵمانیا**

سەرجەم کۆنووسی بەرهەمەکانی دەخاتە نێو ئەو تورەگە بەنەخشەی ساڵانێک بەر لە ئێستا یەکێک لە خێڵە ڕەوەندەکانی دەشتی هەولێر وەک دیارییەکی فۆلکلۆری کوردی بۆیان هێنابوو، بە نیازی دوا پیاسە لە ماڵ دێتە دەرو بەرەو ناوشار دەکەوێتەڕێ، دەچێتە باغی گلکەند و بەدەوری کەندولکەدا دەسوڕێتەوەو لەبەرامبەر گوڵەکانی

خوار پلیکانەکان دەوەستێ و شریتی یادەوەرییەکانی سەردەمانی گەنجێتی دێتەوە یاد، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و هەیهات سەردەمی لاوێتی بەسەر چوو، ئێستاش لەگەڵ نەخۆشیدا لەململانێی بردنەوەی گرەوی مەرگ و ژیاندایە،ئەوێ جێدێڵێ و بەبەردەم بازاڕی ماستفرۆشاندا ڕەتدەبێ بەرەو شێخەڵڵا شۆڕدەبێتەوەو لەبەرامبەر گۆڕستانی چراخدا هەڵوەستەیەک دەکات، قووڵ لێیدەڕوانێ و دەڵێ: ئەوەش دێرینترین گۆڕستانی شارەکەمە، بەدەیان پیاو چاک و ناوداری بەخۆوە گرتووە، مەنزلگەی دڵداری شاعیر بوو و دواجار ماڵئاوایی لێکردین، ماڵەکەی پێچایەوەو بەرەو زێدی باب و باپیرانی شارەکەی کۆیە گەڕایەوە. بەناو بازاڕی قەیسەریدا دەڕوات و لەم سەری شەقامی باتا بەرامبەر خواردنگەی یوسف دێیتە دەرەوە، هونەرمەند جەلال سەعید دەبینێ بە ڕانکوچۆغەیەی مەرەزو تەزبیحێکی ئاسای لەدەست گرتووە، لەگەڵ چەند هاوەڵێکی وەستاون، ڕۆژانە لێرە دەوەستێ، تۆش بەلایاندا ڕەتدەبیت و سڵاوێکی هەولێریانەیان لێدەکەیت، بە شەقامەکەدا شۆڕدەبیتەوە، لەبەردەم گۆرەپانی پارێزگادا لە نێوئاپۆڕای خەڵکدا پەردە لەسەرتابلۆیەکی لەپەیکەر دروستکراو هەڵدەدرێتەوە، پەیکەری فەرهاد پیربال و چەند پەیکەرێکی





ڕووناکبیرانی هەولێر دەوریانداوە دەبینی، فەرهاد بوتلێک بەنزینی بەدەستەوەیە و دەڵێ ئەگەر ئاشتی سەقامگیر نەکەن لە کوردستان خۆم دەسووتێنم!، سەرێکی شەقامی موزەفەرییە دەدەیت و سوڵتان موزەفەر لەبەردەم مەزارگەکەی لەگەڵ موریدەکانی خەریکی ئامادەکردنی مەولودنامەن، سوڵتان بانگدەکات جووتیار ئێوارە وەرە گەورەمان بکە و نانمان لەگەڵدا بخۆ، تۆش دێیتە وەڵام ودەڵێی: گەورەتان کردم ئەگەر کاتم بوو بەسەرچاو.

بەرەو کتێبخانەکانی لای مەحکەمە دەڕۆیت و سەیرێکیان دەکەیت، لە کتێبخانەی سۆران ئاگادارییەک هەلواسراوە: کۆبەرهەمی شاعیرو مێژوونووسی کورد عەبدولخالق سەرسام بەم زوانە دەکەوێتە بازارەوە، گەنجێک پرسیار دەکات: زەحمەت نەبێ کتێبی ئادەمیزاد لەکۆمەڵی کوردەواری شەهید عەبدولخالق مەعروفتان هەیە؟، خاوەنی مەکتەبە: بەلێ هەیە، لەوێ دێیتەدەرەوە چەند هەنگاوێک واوەتر کەژاوەی هونەرمەندی جوانەمەرگ ئەردەلان بەکر دەبینی لەنێو دۆستان و خۆشەویستانی بەرەو گەڕەکی خانەقا پیاسەدەکەن، تۆش فاتیحایەکی ماڵئاوایی بۆ



دەخوێنیت، هەزاران ڕەحمەت و سڵاو بۆ دەنگە خۆشەکەی دەنێری، سەرێک لەدەزگای بەدرخان دەدەیت و هەواڵی حەمید بەدرخان دەپرسی لەوێ نییە، بەهاوکارەکانی دەڵێیت باشە ئەوە کێوە چووە، لۆ لەنوسینگەکەی خۆی دانانیشێ؟ برازاکەی دێتە وەڵام: فەرموو مامۆستا دانیشە، هەندەک ئیشی هەبوو هەر ئێستا بەدیار دەکەوێ، ناوەڵڵا دەڕۆم بەڵام ئەها ئەوە سەرجەم پاکنووسی بەرهەمەکانمە بیدە دەست حەمیدی، قەولی دایە لۆم چاپ بکا، پێی برێ خەمی لێ بخوا، بەڵام ئەها تورەگەکەی بدەنە دکتۆر مەولود ئیبراهیمی، دەی بەدوعا، برازاکەی دەڵێ: بەخێرچی مامۆستا سەرچاو.

دەچیتە سەر قەڵات و لای پەیکەرەکەی ئیبن المستوفی دەوەستیت و سەیرێکی شاری دەکەیت و منارە و هەولێر لەنێو تۆزو دووکەڵدا ونبون، بانگی وێنەگرێک دەکەیت و چەند وێنەیەکی یادەوەری لەگەل ئیبن المستوفی و دیمەنی شاری هەولێرو قەڵادەگری، دەچیتە خوارەوەو تاوێک لەبەردەم چاخانەکەی مەچکۆ دەوستی و لەژوورەوە دەڕوانی، چەند هەنگاوێک بۆ ژوورەوە دەچیت و مەچکۆ جمەی دێت،عەزیزی مەلای ڕەش دەبینی بەدیار یاری تاولەی چەند ریش سپییەک دانیشتووە، تۆش بەدەست بەرزکردنەوە سڵاوی بۆ دەنێری و قوربانی چاوتم مامۆستا سەحەتت باشە؟،کەرو لاڵەکان لەولاوە بەئیشارەت خەریکی باسکردنی گرفتەکانی خۆیانن، بەئەسپایی دەچیتە پاڵ زامدارو هەواڵی دەپرسی، چایەکت بۆ بانگدەکات بەدەم چاخواردنەوە سڵاو لە دۆست و برادەرانی دەوروبەرت دەکەیت، چەند خوێندکارێکی زانکۆ هاتوونەتە لای زامدار خەریکی ئامادەکردنی ساڵیادی کۆچی دوایی دکتۆر عەبدوڵڵا حەدادن، تۆش هیوای سەرکەوتن و تەمەن درێژیان بۆ دەخوازی، روو دەکەیتە زامدارو دەڵێی: زامدار گیان ئەوە وەسڵی وێنەکانمە، سەفەرێکی درێژم لەپێشە، ناتوانم بیهێنمەوە بۆیە داوات لێدەکەم ئەم وێنانە وەر گرەوە، لە ئەرشیفی خۆت بیانپارێزە بەڵام نوسخەیەکی بدە بەدەزگای بەدرخان، بڕیارە سەرجەم بەرهەمەکانم لۆ چاپبکەن، ئەوجا ئەمن دەڕۆم بەدووعا، جووتیار تا لە تاریکایی ون بوو زامدار هەر چاوی لێبوو!.





# مەرگی جووتیارو "نووسەران"ی پۆخڵ



**حەسەن یاسین**

* خالید جووتیار هەم رۆشنبیرییەکی دەشتەکییانەی دەوڵەمەندی لەبارەی ئەدەبی میللیی کوردی بەگشتی و حەیران بەتایبەتی هەبوو، هەم شارەزاییەکی باشی لەرووی زانستییەوە لە میتۆلۆجیا و ئەفسانەناسیدا هەبوو . جووتیار جگە لەوەی پیاوێکی خۆشمەشرەب بوو، یەکێک لەوانەی نەکەسی لەخۆی عێدز و توورە دەکرد و نەخۆیشی لەکەس عێدز و توورە دەکرد !

* جووتیار لەرۆژە سەختەکانیشدا هەردەم لەسەنگەری میللەتەکەیدابوو . لەرۆژانێک کە پێشمەرگایەتی ئەرکێک بوو لەسەر تاکی کورد، بۆ پاراستنی لە هەڕەشەی نەمان و لەناوبردن، جووتیار یەکێک بوو لە پێشمەرگەکانی ( ی.ن.ک). لەرۆژانی دوای (٣١)ی ئابی (١٩٩٦) یشدا، ئەگەرچی دەیزانی ناکەوێتە بەر هەڵمەتی راوەدوونان، بەڵام خۆی لە هاوبیرەکانی نەدزییەوە و خۆی گەیاندە سلێمانی تا جێگەی مانەوەی پەیداکرد پێنج شەو لەناو قەمەرەکەی خۆیدا رۆژی کردەوە !

* ئێوارەی ٢٤ی مانگی دوازدەی رابردوو لەگەڵ فەیسەڵ عەلی لەهەولێر میوانی حەمید بەدرخان بووین و گوتمان بابچینە یانەی نووسەران بۆ ئەوەی لەوێ هاوڕێ نووسەرەکانیشمان ببینین . کە دانیشتین دیتم خالید جووتیار لەگەڵ مەحمود زامدار دانیشتووە . پشتی لە ئێمەبوو . هەرکە ئێمەی دیت لەجێی خۆی جولا و ویستی بەرەو لامان بێت بۆ بەخێرهێنانمان . نەمهێشت و من چوومە خزمەتیان . ئەو و زامدار حەزیانکرد لایان دانیشم . گوتم تازە هاتووین، توزێکی دیکە دێمەلاتان . ئەوەندەی نەبرد جووتیار هات و خواحافیزی کرد و گوتی من وادەم تەواو، دەچمەوە ماڵێ . بە گورجی رۆیشت . قەت خالیدم وەک ئەو ئێوارەیە بەگورجی نەهاتۆتە بەرچاو . بەڵام زوو رۆیشت و یانەی نووسەرانی بەجێهێشت . ناهەقی نەبوو، هۆڵێکی زۆر پیس و پۆخڵ . پڕبوو لە جگەرەکێش، بەڵام دووکەڵکێشی لێنەبوو . سادەترین مەرجی تەندروستی لەو هۆڵەدا نابینی . ئەو یانەیە و بینایەکەی لقی یەکێتی نووسەرانیش دەگەڕێتەوە بۆ جوامێریی ( مەهدی خۆشناو)ی جوانەمەرگ . شەهید مەهدی خۆشناو بە هیممەتی خۆی نووسەرانی هەولێری کرد بە خاوەنی بینا و یانەی شەوانە، بەڵام ئەوان کە بەشێکیان لەهەولێر پلەی حکومی و بەرپرسیارێتیشیان هەیە بەو یانە پیس و پۆخڵەی ئێستایان رازین !

* سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٥ی دوازدەبوو، وەکو رۆژان زوو لەخەو هەڵسام و لەڕێی ئینتەرنێتەوە خەریکی خوێندنەوە بووم . فەیسەڵیش زوو خەبەریبووەوە و گوتی: دەزانی قورگ و لووتم تەواو گیراوە، ئەو هۆڵەی دوێنێ شەو لێی بووین زۆر



پیسبوو . بەم قسەیەی فەیسەڵ یەکسەر خەیاڵم فڕی بۆ لای خالید جووتیار و لە خەیاڵی خۆمدا گوتم باشە جووتیار نەخۆشی هەناسەتەنگیی هەیە چۆن دەتوانێ لەو هۆڵەی یانەی نووسەران دابنیشێ ؟ ناهەقی نەبوو زوو ڕۆیشت . لەو خەیاڵانەدابووم زەنگی " مەسج "ی مۆبایلەکەم لێیدا . حەمیدبوو نووسیبووی: خالید جووتیار مرد !

* لەتەیراوە سەرلەبەیانییان نۆک و لۆبیایەکی خۆش هەیە . کە لەهەولێربم، سەرلەبەیانیان زوو کە لەوەرزش و غارغارێنی جادەی شەست مەتری دێمەوە، دوای خۆشوشتن یەکسەر دەچم نۆک و لۆبیا و نان و سەموون دەکڕم . ئەو بەیانییە کە لە خەو هەڵستام، چونکە پەتای ئەنفلەوەنزا، جا نازانم هی بەرازە یان بزن، لەدووەم ڕۆژی جەژنی قوربان وەرزشی پێ تەرک کردبووم، دوای کڕینی کەرەستەکانی خواردنی بەیانیان، خۆم بە ئینتەرنێتەوە خەریک کرد . کە خەبەری مەرگی جووتیارم بیست، لەگەڵ فەیسەڵ یەکسەر خۆمان گۆڕی و چووین بۆ مزگەوتی حاجی عەزیزی خرابەدراو لەنزیک خەستەخانەی ئیمێرجێنسی لەسەر جادەی شەست مەتری لە هەولێر . کاتژمێر (١٠)ی بەیانی تەرمی جووتیار بەرەو گۆڕستانی پیرداود بەڕێکرا . ژمارەیەکی زۆر لە جوامێران هاوڕێی تەرمەکەی خالید جووتیار بوون . زۆریش لەسەر قەبران ئامادەبوون . پارێزگاری هەولێریش لەناشتنی تەرمی ئەدیبێکی شارەکەیدا ئامادەبوو، بەڵام لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێرم نەدیت.





# خالید جووتیارو لێپرسراوان و ئەندامانی سەرکردایەتی "ی، ن، ک"

خالید جووتیار ڕێزێکی تایبەتی هەبوو لەلایەن لێپرسراوو سەرکردایەتییەکانی "ی، ن، ک" ئەوەندەی من ئاگادارو لەگەڵیدا بووم بۆ نموونە دوای ئەوەی لە مانگی نیسانی ۲۰۰۷ بەڕێز مامۆستا بەکر لێپرسراوی مەڵبەندی سێی هەولێری "ی.ن.ک" بە بەڕێز کاک کۆسرەتی ڕاگەیاند بوو کە کاک خالید نەخۆشەو پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، بەڕێز مامۆستا بەکر بەمنی ڕاگەیاند کە لەگەڵ کاک خالید بچمە سلێمانی و لای بەڕێز کاک کۆسرەت دەیەوێ بیبینێ. ئەوە بوو لە "م. س" ئێمەی بینی بە کاک خالیدی گووت چیت دەوێ تا بۆت بکەم، کاک خالید گووتی من و کاک موحسین لەگەڵ گروپی دەزگای بەدرخان سەفەرمان هەیە بۆ ئەڵمانیا لەوێش خۆم نیشانی دکتۆرەکان دەدەم، بەڕێز کاک کۆسرەت یارمەتییەکی باشی بۆ نووسی و پێی گووت کە گەڕایتەوە لە ئەڵمانیا نووسراوت بۆ دەکەم تا ببیت بە بەڕێوبەری گشتی لە یەک لە وەزارەتەکان دواتر لەگەڵ مامۆستا سەیفەدین چووینە لای بەڕێز د.کەمال فوئاد ئەویش بۆ سەرف کردنی ئەو یارمەتییە شیاوە خەرمان بەرەکەتی زیاتری لێ کردو زۆر حورمەتی گرتین پاش ئەوەی کە زانی ئێمە شاعیرو نووسەرین. هەروەها بەڕێز کاک کۆسرەت نووسراوی بۆ کرد لە ۲۰۰۸ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران کە بە بەڕێوبەری گشتی دابمەزرێ.

لە ۲۰۰۹ بەندەو کاک حەمید ئەبوبەکر لەگەڵ کاک خالید جووتیار چووینە لای بەڕێز کاک ئەرسەلان بایز لە مەکتەبی ڕێکخستن لە هەولێر کاک ئەرسەلان لە هەواڵی کاک خالیدی پرسی کە چۆنە لەگەڵ نەخۆشییەکەی ئەویش وتی زۆرباش نیم بەڕێز کاک ئەرسەلان نامەی بۆ نووسی بۆ بەڕێز کاک بەهرۆز گەلاڵی نوێنەری "ی.ن.ک" لە ئەنقەرە بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی مەکتەبی ڕێکخستن چارەسەری پێویستی بۆ ئەنجام بدات، ئەوەبوو من لەگەڵ کاک خالید چووینە ئەنقەرە دوای گەڕانەوەمان لە سەفەرێکی ئەوروپا. لە ئەنقەرە/تورکیا بەڕێز کاک بەهرۆز زۆر ڕێزی لێناین و تا ئەوپەڕی خزمەت و کۆمەکی کردین چووینە لای دکتۆرەکان بۆ چارەسەری، هەروەها کە لە تورکیاش هاتینەوە چووینە لای بەڕێز مامۆستا بەکر لێپرسراوی مەڵبەندی ۳ ی هەولێر. زۆر ڕێزی لێ دەناین و کاک خالیدی خۆش دەویست و پێی وت هەرچی دەتەوێ بۆت جێبەجێ دەکەم. گوتی مەسەلەی بەڕێوبەری گشتی کە بەو پلەیە خانەنشین بکرێم و نەخۆشم توانای دەوامکردنم نەماوە لە کۆیەو ئەم هاتووچۆیە لە نێوەندی هەولێرو کۆیە. مامۆستا بەکر نووسراوێکی بۆ نووسی و چاپکرا گووتی بیدە خۆم و دەیبەم بۆ مەکتەبی سیاسی و خۆم جێبەجێ دەکەم. ئەوە بوو بەهیمەتی مامۆستا بەکر و ڕەزامەندی بەڕێز عیماد ئەحمەد و بەڕێز بایز تاڵەبانی فەرمانی خانەنشینی بە بەڕێوبەری گشتی دەرچوو. جا کاک خالید لە لایەن سەرکردەکانی یەکێتی خۆشەویست بوو و ڕێزی لێ دەنرا بەڵام پیاوی شەرمن و بە ئەدەب و نەفسی بەرز بوو بۆ داواکاری و مافەکانی خۆی بە تەنگەوەی نەدەچوو دەبووایە ئێمە هانی بدەین و لەگەڵیدا بچین و داواکاری بۆ بکەین، لەم ڕووەوە وەک لەسەرەوە باسم کردووە هەروەها چەند جارێکیش بەڕێز کاک حەمید ئەبوبەکر لەگەڵیدا چووە بۆ لای لێپرسراو و سەرکردەکانی یەکێتی و لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی.



# له جووتیارەوە بۆ جووتیار

سڵاو بابە گیان

نازانم باسی چی بکەم لە کوێوە دەست پێبکەم یادەوەری من لەگەڵ بابۆ گەلەک زۆرە، من هەڵگری نازناوی ئەوم و ئەویش هەموو شتێکی من بوو، پێ بە پێ، رۆژ بە رۆژ شەو بەشەو لەگەڵ من بوو، زۆر هۆگری یەکەتربووین ئێمە وەکو باوک و کوڕ نەبووین، بەڵکو وەکو دوو هاوڕێ بووین، ئەو یادەوەرییەی هەرگیز لە بیری ناکەم، کاتێ چوومە سوریاو بێ ناسنامەو شوناس بە سنووری سوریا عێراق "وەلید" گەڕامەوە بە بەردەوامی باوکم دەگریاو دەترسا نەوەکو بکەومە بەر دەستی تیرۆریستان و بمکوژن. کاتێ گەیشتمەوە کۆیەو هەولێر وەکو منداڵێکی ساوا لە باوەش خۆی نابووم، پێی بوو منداڵە شیرەخۆرەم و تازە لە دایک بووم، دوایی زانیم ئەو پیاوە گەورەیە چەند لە خەمی مندایە و چەند هۆگری ماڵ و منداڵەکەیەتی. باوکم تەمەنی ٥٦ ساڵ بوو ٥٦ ژمارەی هاموونی دەرچواند، خۆزگە هاموون دەبووە ١٠٠ ژمارەو باوکیشم تەمەنی دەبووە ١٠٠ ساڵ.

زۆر حەزی دەکرد ژن بهێنم، پاشی هەوڵدان و ماندووبوونێکی زۆر لە هەولێرەوە چوو بۆ سوید لەگەڵ دەزگای بەدرخان بۆ داخوازی ئەو کچەی خۆشم دەویست، ئەویشی بە ئەنجام گەیاند و رەزامەندی بنەماڵەکەی وەرگرت..

پاشی مانگێک بووکەخان هاتەوە هەولێر و ئاهەنگی مارەبڕین و شەکراوخواردنەوەمان بە یەکەوە ئەنجامدا. ئەو هیواو ئاواتی ئەوەبوو، من بچمە سوید، مخابن دوای مردنی باوکم هەواڵی ئەوەیان پێڕاگەیاندم کە مافی ئەوەیان داومەتێ بچمە سوید، بەهەرحاڵ لە بیری ئەوەدام چۆن بتوانین درێژە بە گۆڤاری میتۆلۆژیاو لە ئاییندەشدا "ماڵی فۆلکلۆری خالید جووتیار" دابمەزرێنین، سوپاس بۆ هەمووان، بەراستی باوکم هاوڕێی دڵسۆزی هەبوو.

**جووتیار خالید جووتیار**
**هەولێر - ٢٠١٠/١/١**





# من و خالید و میتۆلۆژیا



**مەسعودی مەلا هەمزە**

زۆرن ئەو کەسانەی رۆژێک لە رۆژان ئاواتەخواز بووم تەنها وێنەیەکیان لەگەڵ بگرم، وەلێ کارکردن و هەوڵدان و هاندانی ئەو برادەرانە وایان لێکردم بەو ئاواتە بگەم و لەوەش گەورەتر کارکردنم بوو لەگەڵ بەشی زۆری ئەو کەسانە، یەکێک لەو کەسانەی تا سەر ئێسقان سەرسام بووم بە نەرم و نیانی و بێ دەنگی "خالید جووتیار"ی کۆچکردوو بوو، تا چەند مانگێکیش بەر لە مەرگی هەر لە بەدرخان دەمبینی، بەڵام رۆژێک تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: مەسعود گیان حەزدەکەم بتبینم گۆڤارێکی نوێم لەبەردەستەو دەمەوێ بەیەکەوە کاربکەین، ئەوەبوو چوومە نووسەران و لەوێ بینیم، کە دانیشتین هێمن و بێ دەنگ، بەڵام جیا لە جاران ئەوجارەیان لە شوێنی باسی ئەدەب و کارەکانم، باسی گۆڤاری میتۆلۆژیامان کرد، ئەگەرچی من دەمەوێ کاری رۆژنامەوانی بکەم، وەلێ زۆرجاران برادەران داوام لێدەکەن کاری تایپیان بۆ بکەم، وەک خۆیان گوتەنی هەڵەم کەمەو زمانی نووسینیشم باشە، دیاربوو مامۆستا خالیدی کۆچکردووش هەر بۆ ئەو مەبەستە بانگی کردم و بەیەکەوە دانیشتین، جاری یەکەم کۆمەڵێک بابەتی جوان و پوختی دامێ بۆ ئەوەی هەر خۆم تایپیان بکەم و هەڵەبڕیشیان بۆ بکەم، تەنها بۆ دواجار خۆی بەسەر بابەتەکاندا بچێتەوە بینێرین بۆ دیزاین، ئەگەر پێویستیشی بە هەڵەبڕی بوو ئەوە باشترین کەسێک کە ئەو کارە بکا عەبدولرەحمان مەعروفە، دوای چەند رۆژێک تەلەفۆنی بۆ کردمەوە و لە هەواڵی تەواوبوونی بابەتەکانی پرسی، منیش پێیم گوت کە بەشی هەرەزۆری بابەتەکانم تەواو کردووە و تەنها چەند بابەتێک ماوە، دواتر گوتی ئەمرۆ ئەگەر مەجالت هەبێ بێیتە نووسەران ئەوا چەند بابەتێکی دیکە و ناوی ستافی کارکردنیشت دەدەمێ، چوومە نووسەران و بابەتەکانم لێی وەرگرت، نزیکەی سەعاتێک بەیەکەوە قسەمان کرد و ئەو بەردەوام دەیگوت مەسعود دەبێ گۆڤارەکە چەند لاپەڕە دەربچێ، منیش دەمگوت مامۆستا گیان جارێ نازانم، با تەواو بێ خۆم پێت دەڵێم، بە بەردەوامی دوو رۆژ یا سێ رۆژ جارێک تەلەفۆنی بۆ دەکردم و لە هەواڵی تەواوبوونی تایپەکانی دەپرسی، بەو پێیەشی کە من سەرقاڵ بووم و نەمدەتوانی تەواوی کاتی خۆم بۆ تایپکردنی ئەو گۆڤارە تەرخان بکەم، بۆیە لای من کەمێک دواکەوت، دواجار کە تەلەفۆنی بۆ کردم و هەندێ بابەتی دیکەی دامێ گوتی مەسعود ئەوانە تەواوی بابەتەکانن، ئێستا هیمەتی تۆ دەمێنێ کە تەواوی بکەی، وەکو هەموو جارەکانی پێشووش هەر دەیگووت دەبێ چەند لاپەڕە دەربچێ و چاپکردنی چەندی بوێ، منیش هەر دەمگوت مامۆستا گیان پەلە مەکە، ئەوەی بیرم لێی نەکردبۆوە مەرگی جووتیاری مامۆستا و هاوڕێم بوو، ئەوەبوو لە ٢٠١٠/١٢/١٦ نەشتەرگەریم بۆ ئەنجامدراو ئەوەش ماوەیەک لە کارکردنی دابڕاندم، ئەگەرچی دوای ٢ رۆژ هەر لەسەر جێگا تایپی بابەتەکانم دەکرد، رۆژێکیان تەلەفۆنی بۆ کردم بۆ ئەوەی لە ئەحواڵی گۆڤارەکە بپرسێ، کەچی کە پێمگوت عەمەلیات کراوم و لەماڵەوە کەوتووم،



گوتـی قەینـا پەلـە مەکە کە چـاک بوویەوە دەسـت بە کارەکان بکەوە، ئەگەرچی منیش تەندروسـتیم بـاش نییـە وەلـێ ئێوارەیەک لەگەڵ حەمید بەدرخان دێمە لات و سەردانت دەکەم، گوتم: مامۆسـتا گیان ئەو ئەزیەتەی ناوێ، گوتی نا چۆن دەبێ نێمە لات، بۆ هەر لـە کاتی ئیـش بتبینم، دواجار ئـەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد دوای عەسـر تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی مەسعود گیان ئەمشەو لەگەڵ حەمیـد بەدرخان دێمە لات و سیدییەکیشـم لایـە بابەتێکـی ئامادەو تایپکراوی لەسـەرە لەگـەڵ بابەتەکانـی دیکـە داینێ، ئەسـەف ئـەو شـەوە نەهـات و بەیانیش کـە لەخەو هەڵسـام و سـەیری مۆبایلەکـەم کـرد دوو نامەم بـۆ هاتبوو، یەکیـان حەمید بەدرخان و ئەویدیکەیـان حەسـەن یاسـین بوو زۆر بە غەریبـی نووسـیبوویان "خالید جووتیار مـرد" بـاوەڕم نەکـرد و یەکسـەر تەلەفۆنم بـۆ هەردووکیان کرد، کەچـی هەردووکیان گوتیـان بەداخـەوە رووداوەکـە راسـتەو ئەوە ئێسـتا خەریکین دەچینە گۆڕسـتان و دەینێژین.

بەهەرحاڵ لەدەسـتچوونی خالیـد جووتیار کـەم نەبـوو، هەر مـن دەزانم ئـەو پیاوە چ موعاناتێکی هەبوو لەدەسـت چاپکردنی ئەو گۆڤارە، دوای وەرگرتنی بابەتەکان لێی، هەر جارێک بمدیبایە باسـی چاپکردنی گۆڤارەکە و مەسرەفەکانی دەکرد، ئەو دەیگوت: حەمید بەدرخان چەند جارە پێم بڵێ من بۆتی چاپ دەکـەم، بەڵام مـن قبوڵی ناکـەم، ئەو خۆی مینحەکەی ٢ ملیۆنە و بەشی هیچ ناکا، چۆن ئـەو کارەی پێ بکەم، قەینـا ژمارەی یەکەم بـە مووچە خانەنشـینییەکەی خۆم دەکەم و دانەی لێ دەبەمە لای برادەرە بەرپرسـەکان و پێیـان دەڵێم ئەو کارەم لەسـەر حیسـابی مووچەکـەی خۆم کردووە، ئەگەر هاوکاریم بکـەن بـەردەوام دەبـم لەبەرئـەوەی ئەوە خەونـی لەمێژینەمـە، بەردەوامیش دەیگوت مەسـعود گیان دەزانم بۆ تۆش ناخۆشە بێ پارە کاربکەی، بەڵام باوەڕ بکە خۆت دەزانی دەبێ چـۆن چاپی بکەم، یەک نووسـەریش پـارەم نەداوەتێ، جگە لـە بابەتێک نەبێ کە ٥٠ هەزارم لـە باخەڵی خۆم داوەتێ ئەویش برادەرم نییە، بـەڵام وەعد بێ یـەک دینار وەربگـرم بەر لەهەر شـتێک دەبێ هەقی تۆ بدەم، منیش دەمگوت قەینا مامۆستا نەک ئەو ژمارەیە تۆ هەر کاتێک گوتت بەسەرچاو من ئامادەم، ئەو جـار جارەش دەیگوت جگە لە حەمیـد بەدرخان برادەری دیکەش دەڵێ من بـۆت چاپ دەکەم، بـەڵام حەزناکەم، حەمید بودجەکـەی کەمـە و برادەرەکانـی دیکەش خـۆم حەزناکەم بۆم بکەن. بەهەرحاڵ خالید جووتیاری رەحمەتی کۆچی دوایی کرد و بۆ تاهەتایێ جێی هێشتین، ئەوەی بۆمن مایەوە و زۆر بە حەساسیەوە مامەڵەم لەگەڵی دەکرد، گۆڤارەکـە بـوو، بـەڵام ئـەوەی بۆمن جێی دڵخۆشییە و کەسـێک ناتوانێ قسە لەبارەی گۆڤارەکـەوە بکا ئەوەیـە زۆر بە ئەمانەتەوە مامەڵەم لەگەڵ گۆڤارەکە کردووە و پیت بەپیت وەکو خۆی کارم تیاکردووە، ئەو کە دواجار بابەتەکانـی دامـێ، ناوی سـتاف و تەنانەت ئیمێڵ و پێناسـەی گۆڤارەکە و سـەروتار و هەموو شـتە پێویسـتییەکانی گۆڤارەکەشی دامـێ، دوای پرسەکەشـی نەمدەزانـی چی لـە گۆڤارەکـە بکـەم و خەونی گەورەشـم چاپکردنـی بوو، زۆرجار دەمگوت مادام ئەو ئامادەبوو بە مووچە خانەنشینییەکەی خۆی چاپـی بکا، بۆچی منیش بە مووچەکەی خۆم بـۆی چاپ نەکەم، لەبەرئـەوەی تاکو ٥ رۆژ دوای پرسەکەشـی جگە لە موحسین ئاوارە و خالید جووتیار و خۆم کەسـێک نەیدەزانی ئـەو گۆڤارە لەلای منە، دواتر قسـەم لەگەڵ موحسـین ئاوارە و جووتیـاری کوڕی کرد و تەواوی بابەتـە تایپکراوەکانی گۆڤارەکەم تەسـلیمی حەمید بەدرخان کرد و بەیەکەوە بڕیاریانـدا چاپـی بکـەن و لـە چلەکـەی دابەشـی بکـەن، زۆر راسـتی هەیـە کە من دەیزانم خەڵکـی دیکە نایزانێ، پەنا بەخوا لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو راسـتیانە وەک خۆی و بە ئەمانەتی مێژووییەوە بڵاو دەکەمەوە.

ئـەوەی ماوەتەوە لێـرە بیڵێـم ئەوەیە ئەوە مـن ئـەو ئەمانەتەی لام بـوو بەجێم گەیاند و گۆڤارەکـەش لەدایکبـوو، وەلێ ئەسـەف مامۆسـتا خالیـدی کۆچکردوو بـەو خەونە چەنـد سـاڵەی خـۆی نەگەی و بـۆ هەتا هەتایێ ماڵئاوایی لێکردین.





# بۆتۆ خالید جووتیار

**موحسین ئاوارە**

هاوڕێی ساڵانێکی دوورو درێژم
بۆ ئەو سەفەرە ناوەختەی تۆ
چ بنووسم و چ بێژم
ئێمە پڕۆژەی هاوبەشمان لەپێش بوو
چ قەدەر و وادەیەکی ناوەخت بوو
خەونەکانمان ریشەکێش بوو
بڕیاربوو ئەمجارەش لەگەڵ
"حەمید بەدرخان"دا هاوسەفەربین
کەچی هەموو هاوەکان هەڵوەرین
بەتەنیا سەفەرت کرد
سەفەرێکی دوورو درێژ
سەفەرێکی بێ گەڕانەوەو ئەبەدیەت
هاوسەفەرەکانمان
دەبێ لە سەفەرێکی تردا
ئاوڕ لە کورسییەکی بەتاڵی تەنیشت
خۆمەوە. بدەمەوە
کە تۆی تیا نابینم و نایبینمەوە
***
چۆن جورئەت بکەم
پەڕ پەڕ ئەلبووکەم هەڵدەمەوە
کە لەنێوەندی وێنەکاندا
وێنە هاوبەشییەکەی خۆم و خۆت و
هاوڕێیان بدەمەوە؟!
دەبێ ئاگری یادێکی بەسوێ
بۆخۆم بەدەستی خۆم دایگرسێنم
وێنەکان. شوێن و یادەکان
هۆن هۆن فرمێسکیان بەسەردا ببارێنم
***
ئەی چۆن دڵم بەروەست دەدا
ناو و ژمارەی موبایلەکەت
لەسەر شاشەی موبایلەکەمدا
رەش بکەمەوە
ئیتر کێ بدوێنم
چۆن سێبەر بەسەر هەتاوا تێپەڕێنم
***
قەڵایەک هەیە وەک دورم دورم
مەزن وەک دڵە گەورەکەی تۆ
منارەیەک هەیە وەک منارەی چۆلی
سەربڵند وەک نەفسە بەرزەکەی تۆ
مەحمود زامدارێک هەیە لە یانەی
نووسەراندا
هەموو مێزەکان بەسەر دەکاتەوە
لەبەرخۆیەوە دەڵێت و دەڵێتەوە
برادەرینە ئەوە خالید بۆ دیار نییە
کورسییەک لە کورسییەکان
بەتاڵەو بەتاڵ نییە



***
هاوڕێی خۆش مەشرەب
چەند زوو بوو
دوا دڵۆپەی مەرگ
لەسەر گەڵای سەوزی تەمەنتا
تکا
قاچێکت کەوتە دووهەزار و نۆ
ئەوەیتر لە دووهەزار و دەدا
داخەکەم دوا پێکی سەری ئەم ساڵەت
لەگەڵ نووسەرانا هەڵنەدا
***
"حەیران"بە ماڵئاوایی تۆی زانی
خەندەی سەر لێوە سەوزەکانی زەرد
هەڵگەڕا
"لاوک"بە دڵی پڕەوە
وەرن بزانن چ ئازارێکی لەبەر دەڕوا
شیعر راڕایەو دانانیشێ
هەر بەپێوە هەناسەی گەرمی
سەردەکەوێ و دەڕوا
***
ئەی برادەر
تۆ مۆروە وشە تەرزەی گەوهەردارت
بە تیشکە رۆشناکانت وەدەکرد
دەتکردە تەسبیحێک بۆ دەستی زەمانە
دەبریقایەوە وەک چلوورەو بلوور
جێگای شانازی و ئافەرین بووی
ئەی داهێنەر مامۆستای کەلەپوور
***
ماڵئاوا. ماڵئاوا
ماڵئاوا تەنیا بە جەستە
بەڵام هەمیشە رۆحی سپیت
بەسەر سەرمانەوە
وەک باڵندەیەکی کۆچەری
بەنێو رایەڵەکانی تریفەدا
بریسکە دەدا
دەردەکەوێ و ون دەبێ





# خارە خالید گیان



**هاوژین عەبدولڕەحمان کانەبی**

بۆ هەمیشە جانتای سەفەرە
وا لە دەستت
بۆ هەمیشە کۆچ و خواحافیزیە
رازو مەبەستت
لە بێ دەنگیت هێدی هێدی
گەڵا دەکەوت
لە خۆشحاڵیت
هێمن هێمن شەونم دەخەوت
لە تۆوە فێردەبووین
وەک پەپوولە موقەدەس بین
لە تۆوە فێردەبووین
بۆ گەشت و سەفەر
پڕ هەوەس بین
کراسی یاقوتیمان وا پۆشیوە
زۆر لەمێژە
ئەم شارە مەرگێکی وا بەسوێی نەدیوە
هێشتا زۆری مابوو
شەوەزەنگ بێ و
ئەستێرەکان یەکتر بە ماچ بشۆنەوە
مردنی وەرزێک چەند ئاساییە لای ساڵ
کەچی مردنی ساڵێک
چەند بەسۆیە لای تەمەنێکی لێوئاڵ
هێشتا هێڵەکانی تەمەن
لەسەر روخساری چیرۆکەکانت بەدیار
نەکەوتوون
هێشتا حەزە ماندووەکانت
چرکە ساتێک بێ خەم نەخەوتوون
لە مزگێنی ساڵی تازە پەنجەی بێ نازم
بەخەنە تێرە
بۆ کوێ دەڕۆی
سەفەری مەرگ بۆ جانتای پڕکردووی لە
ئەستێرە
تۆ هەنگاوێک دەرۆیشتی
دڵت دایمەن لە هەولێرێ
دەپێم بڵێ
ئێستا هەواڵی هەولێرێ
کێ بۆ تۆی ئازیز دەنێرێ
هۆ خاڵی روومەت پەنگرم
ئەی هاودەمی تۆلکەو کاردی و کەنگرم
بۆ هەرکوێ بڕۆین
بۆنی تۆمان لێوە دێ
ئەرێ بەبێ تۆ ئەم هەموو
بێ نازییە ببەین بەرەو کوێ
تۆ بۆ هەمیشە بۆنی بخورت گرتووە
تۆ هەرگیز وا نەتۆراوی
ئەمجارە بۆ وا بەنهێنی سەرت هەڵگرتووە
ماڵەکەت...
بێ تۆ هێندە ساردە!
خەریکە بەفری خەم هەرەسمان پێ دێنێ
بۆ ئەم نەورۆزە
هەرچی ئاگری دونیایە لێی داگیرسێنێ
لەرزی تەزیوی ناشکێنێ
هۆ خارە خالیدی جوانم...
ئەی جێی شانازی هەموانم
بیری پیاسەی ئێوارانی هەولێردەکەم
بیری چیرۆکەکانی دێوو
بۆنی بێ گانان دەکەم
بیری چاویلکەو دەست و پەنجەی نەرمت
دەکەم
بیری شلکە رۆیشتنت دەکەم
بیری سەفرەو گەشت و سەیرانت دەکەم





بیری کەم دوانت دەکەم
هەموو وا دەزانن پرسەکەت
تەواو بوو رۆیشت
خۆ نازانن
تەمی هەولێرێ بە جارێ لەسەر دڵی
ئێمە نیشت
لە نێو ئازارەکانمان،
خەمێکی رەش خۆی چرکردۆتەوە
بەم سەری ساڵە
دیاری خەم دەدەین بەیەکتری و
ماچی خەم لەیەکتری دەکەین و
سڵاوی خەمیش لە یەکتری دەسەنینەوە!
دە هەڵسە لەو خەوە قووڵەت
گوێی دڵەڕاوکێ لە یاخەی
شۆخی خەم بدرێنە
دەتخوا دڵت نەیەت
بەم کۆستە سەختەت مەمانسوتێنە
ئاخر چۆن تێبگەم لە هەتاو
کە ئەم شارە
چاویلکەی پەژارەی کردبێتە چاو
قوربانی لاوک و حەیرانی بێ نازتم خارە
قوربانی دەنگی غەریب و ئاوازتم خارە
قوربانی جەستەی بە ئازارتم خارە
قوربانی تەمەنی کورت و بێ گوڵزارتم
خارە
کۆستەو لەم شارە کەوتووە
دەریایە وشک بووەو کەناری هیلاک و
ماندووە
بەیاری شەقاری خەمی تێ کەوتووە
گریان لە پێکی دڵی هەمووان لێوان لێو
بووە
جووتیارت بە دیار سەمفۆنیای
هاوارو گریان مات بووەو
ئەم ناوە پیرۆزەی هەڵگرتووە
ماڵەکەت هەمیشە لادێ یەو
کێژۆڵان بەرەو کانی رێیان گرتووە،
گۆزەیان هەڵگرتووەو
بۆنی رەیحان و قەنەفلێان گرتووە
بەچپەوە باسی ئەو جوامێرە دەکەن
وا لە نێو
ئەو خۆڵە ساردەی پیرداودی خەوتووە
هۆ خارە خالید گیان
وەی چەند بەسۆیە مەرگی ناوادەت
وەڵڵا تاساوە شارە جوانەکەت
تۆ شاهـ بووی بۆیە
نەخۆشی شاهانەت گرت
قەڵای هەموو بێ نازانی
بۆ وا بێ دەنگ سەرت هەڵگرت
زۆر دەمێکە بە نۆتەی کۆچ
دەت ترساندین
زۆر دەمێکە بە ئاوازی سەفەر
دەتتاساندین
تا بۆ دواجار بەبێ نیگا
بەجێت هێشتین
تا بۆ دواجار کەسمان بە سێبەریشت
رانەگەیشتین
هێندە غەریبیت دەکەم خارە گیان
دەنگم هەڵدەبڕم بەلاوک و حەیران
حەیران چ بکەم
لەبەر خەمی پیرە دونیایێ
شەوەکی وا تاریکمان لێ داهات
قەت رۆژی رووناک لەمە هەرنایێ
لەدوای چاوی بەرەکی خارە خالیدی
چ کراسی جوانمان لە باڵای نایێ



# لەترسی ئاسمان

بۆمەرگی خالید جووتیار

ئەم ئێوارەیەنەهاتی:
بەلارەلار، هەناسەسوار
سەرێک لەماڵی نوسەران هەڵبکێشی
لەبەردوکەڵی جگەرەی برادەران
لەڕاڕەوەسساردەکەدا
بەدیارڕۆژنامەیەکەوە
تاکوتەنیادابنیشی
ئەم ئێوارەیەنەهاتی:
وەک ( جاروبار)لەیانەدا
لاتدەدا سەرمێزەکەمان
هەتابەدزی پزیشکەکان
بەدزی ئاسمان
لەگەڵ بادەومەیی ومولدا
دەست تێکەڵکەین
لێوان*بنێینە سەرلێوان !..
ئەم ئێوارەیەنەهاتی:
تابەلێوانێک دوولێوان
گەندەڵستان جێ بهێڵین
ئاودیوبینە
وڵاتی ئەدەب وجوانی وهونەرستان!

ئەم ئێوارەیەنەهاتی:
برادەرەکان
لەسەرگردی(پیرداودی)
تۆیان دیبوو
"خۆزیت خواستبوو
گروکەک بای لەوان گروکی شلێرێ
بوهاران سەرت لەخاکی دەرهێنابا
بڕەک زەینێ خۆت داباوە
قەراتی پیرە هەولێرێ!"..
ئەم ئێوارەیەنەهاتی:
دوودڵم چۆن ئەوهەواڵە
بۆ(عود)ە بێ قەرارەکەم
ئاشکراکەم؟
نازانم نەنەرم نەرم
بەپەنجان وەئاگای بێنم
نەحەیرانێکی چیایی
بەقاسیدی
بۆئەومەبەستەی پەیداکەم؟!..
ئەم ئێوارەیەنەهاتی:
هەتابەدزی پزیشکەکان
بەدزی ئاسمان
لەوڵاتی ئەفسانەوداستان
جارێکی تر
لێوان بنێینەوە سەرلێوان!
بۆیەئەمشەو

لەناومژو تەمتومانی
خەیاڵاتێکی بێ پایان
بەتەنیایی، غەمگین غەمگین
سەفەریمە
لەژێرتکەی ساردی باران!.

**ئازاد دڵزار**
**٢٠١٠/١/١٠**





# بەرنامەی ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینی نووسەر و ڕووناکبیر "خالید جووتیار"

* ڕۆژ: ٢٠١٠/١/٢٨- پێنجشەممە- کاتژمێر ١٠ی بەیانی

شوێن: هۆڵی پێشەوا- وەزارەتی ڕۆشنبیری

* کۆڕاڵی "قەڵای دمدم" لە شیعری خالید جووتیار، ئاواز و دابەشکردنی هونەرمەند ئارەزوو ئیسماعیل، کۆڕسی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شەهید جەعفەر- کۆیە.

١٧ خولەک

* فیلمێکی دیکۆمێنتاری "خالید جووتیار میتۆلۆژیایە" بەرهەمی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، بە هاوکاری کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان- دەرهێنانی ستار محەمەد ئەمین.

١٧ خولەک

* ڕازێک بۆ خالید جووتیار- بیرۆکەو ئامادەکردنی نایف شێخانی. ١٥ خولەک

* وتاری لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد.

* وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن د. کاوە مەحمود وەزیری ڕۆشنبیری.

* خالید جووتیار و سەردەمی منداڵی و پێشمەرگایەتی، لە لایەن سەعدی ئەحمەد پیرە.

* وتاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان.

* وتەیەک لە لایەن پ.د. شوکریە ڕەسول.

* وتەیەک لە لایەن مەحمود زامدار

* پەخشانێک لەلایەن هاوژین عەبدولرەحمان کانەبی

* شیعرێک لەلایەن ئەکرەم خامۆش

* بروسکەکان

* وتاری بنەماڵە

* کۆتایی

**لیژنەی سەرپەرشتیار**

**تێبینی**: ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمین لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کوردو دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ڕێکخراوە.